# هۆكارو كاریگەریەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت
## توێژینەوەیەكی مەیدانیە لە خوێندنگاكانی ئێوارانی كچان لە شاری سلێمانی

م.ی. شۆخان محمود حسێن          م.ی. تارا محمود سلێمان
زانكۆی سلێمانی
زانستە مرۆڤایەتییەكان
كاری كۆمەڵایەتی

**پێشەكی**

هاوسەرگیری بە یەكێك لەبنەما سەرەكیەكانی دروست بوونی خێزان دادەنرێت و خێزان بچوكترین یەكەی كۆمەڵایەتیە وبنەمایە بۆ پێگەیاندنی تاك وهەر لە خێزاندا تاك ڕۆڵە كۆمەڵایەتیەكان و نۆرم و بەهاكان فێردەبێت، لەبەرئەمە ناكرێت بەشێوازێكی هەڵە ئەم بنەمایە بنیات بنرێت. جۆرو هۆكارەكانی هاوسەرگیری بە جیاوازی كۆمەڵگەو سیستەمی خێزانی هەر كۆمەڵگایەك دەگۆرێت، بێگومان كۆمەڵگەی كوردیش بە هۆی وابەستە بوونی بە شێوەیەكی دیار و لەبەرچاو بە داب و نەریت و بەهاكانەوە، یان بەهۆی خراپی بارورەوشی ئابوری ونزمی ئاستی بژێوی تاكەوە و نەبوونی وشیاری وزانیاری خێزانەكان سەبارەت بە قۆناغە جیاوازەكانی منداڵی و هەرزەكاری و كامڵ  بوون. ئەمانەو چەندین هۆكاری تر وادەكات كە خێزانەكان زوو بیر لە هاوسەرگیری منداڵەكانیان بكەنەوە كە بێگومان كۆمەڵێك كاریگەری ڕاستەوخۆی نەرێنی لەلای تاك وخێزان و كۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت وەك چەندین كێشەو گیروگرفتی كۆمەڵایەتی بەتایبەت خێزانی وتوشكردنی كچان بۆ خستە ژێر بەرپرسیارێتەكی گەورەوە ئەمە دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان بە فشاری دەروونی و توش بوونیان بە چەندین كێشەی دەروونی و جەستەیی،ئەمە جگەلەوەی كە ئەبێتە پەكخستنی پرۆسەی فێركاری، بەمەش ڕێگە لە بەرەو پێشەوە چونی كۆمەڵگاو لەدایك بوونی بیری نوێ دەگرێت، لەبەرئەمانە گرنگە حكومەتی هەرێمی كوردستان كار بۆ دەستەبەر كردنی ژیانێكی ئاسودە و دادپەروەری كۆمەڵایەتی بۆ تاكەكانی بكات و لە ڕێگەی وەبەرهێنانی تواناكانی تاك بە جیاوازی خواست و داواكاریەكانی تاك و كۆمەڵگە .

بەشێوەیەكی گشی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەن پێك دێت كە لایەنی تیۆری و مەیدانیە جگە لەخستنە ڕووی چەند بابەتێكی پەیوەندی دار بابەتەكەوە لە لایەنی تیۆری دا و لەلایەنی مەیدانیشدا میتۆد و ئامرازی جیاواز بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لە گەڵ بەكارهێنانی كۆمەڵێك ئامرازی ئاماری تایبەت بە بواری كۆمەڵناسی بۆ گۆرینی زانیاریەكان بە داتا وخستنەڕوویان  لەچەند خشتەیەكی جیاوازداو پاشان شیكردنەوەو لێكدانەوەیان بە شێوەیەكی زانستی دەخرێتە ڕوو، دواتر بۆ زاڵ بوون و ڕێگری كردن لەم دیاردەیە هەوڵدەدەین كۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار بە شێوەیەكی ئەكادیمی و زانستی بخەینە ڕوو.

**بەشی یەكەم / چوار چێوەی تیۆری توێژینەوە**

**باسی یەكەم /كێشەو گرنگی و ئامانجەكانی توێژینەوەكە**

**یەكەم / كێشەی توێژینەوەكە:**

كێشەی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێكەوە دەست پێدەكات كە لە بیرو هەستی توێژەراندا چەكەرەی كردووە و دەیانەوێت بگەن بە وەڵامێكی زانستی دروست، ئەو پرسیارەش بریتیە لەوەی (ئایا هۆكاروكاریگەریەكانی هاوسەرگیری پێش وەخت چین ؟ ) بێگومان هاوسەرگیری پێش وەخت وەك دیاردەیەكی بەر بلاّو لە زۆرینەی شوێنە جیاوازەكاندا بوونی هەیە، بێگومان كۆمەڵگەی كوردیش بێبەش نیە لەم دیاردەیە، سەرەڕای هەوڵ و گرنگی پێدانی لایەنە پەیوەندی دارەكان لەڕێگەی (یاسا و دین، وشیاركردنەوە كۆمەڵایەتی ) سەبارەت بەم دیاردەیە، بەمەبەستی ڕێگریكردن لە بەشودانی كچان لە تەمەنێكی زوودا (واتە پێش كامڵ بوون) یان بڵێین پێش تەمەنی هەژدەساڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردەیە زۆر بە ڕوونی و بە شێوەیەكی بەرفراوان بەرچاودەكەوێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی باری ئابوری ئەو كۆمەڵگایە كە توانای دەستەبەركردنی پێداویستیەكانیان نیە وبژێوی خێزانەكان سنوردارە، یان پابەندبوونی ئەو كۆمەڵگایە بە داب ونەریت وبەها كۆمەڵایەتیەكانەوە چونكە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی هاوسەرگیر پێشوەختن، یان بەمەبەستی دورخستنەوەی كێشەو گرفتەكانی تەمەنی هەرزەكاری كچان لە خۆیان وچارەسەركردنیان لەڕێگەی بەشودانیان یان بەهۆی خراپی و پابەند نەبوونیان بە خوێندنەوە، یاخود بەهۆی كێشە خێزانیەكان و لێكهەڵوەشانی خێزانەكان ئەمانەو چەندین هۆكاری دیكە دەبنە هۆكار(الخوری ،٢٠٠٨،ص١٩٥)، بەڵام دیارە هاوسەرگیری پێشوەخت بەهیچ جۆرێك بە چارەسەرێكی گونجاو هەژمار ناكرێت، بەڵكو دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی زیاتری كێشەكان و كۆمەڵێك ئاسەواری نەرێنی وەكو (كۆمەڵایەتی، دەروونی، فێركار وئابوری ،تەندروستی) لای ژنان بەجێدەهێڵێت .

**دووەم /گرنگی توێژینەوەكە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە گرنگی تیۆری و مەیدانیدا دەبینێتەوە :-

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە گرنگی پرۆسەی هاوسەرگیری دادەبینێتەوە كە یەكێكە لە پرسە گرنگەكان و بەسەرەتایەك بۆ بنیاتنانی خێزان و كۆمەڵگا دادەنرێت، بنیاتنانێك كە بەمانای وشە پێگەیشتو كامڵبێت(فهمی، ٢٠٠٧،ص٣٥)، تابێتە لانەیەك بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی. لەبەرئەوە ناكرێت بە تێڕوانینێكی سەرەتایانە لێی بڕوانرێت و بەشێوازی هەڵە پیادە بكرێت، هەربۆیە گرنگە سەرجەم هۆكارو كاریگەرییە كۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاینی و فێركاریەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت دیاری بكرێت بەمەبەستی ڕێگری كردن لەم دیاردەیە، ئەمە سەرەڕای نەبوونی توێژینەوەیەكی زانستی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە هۆكاروكاریگەریەكانی هاوسەرگیری پێش وەخت بەزمانی كوردی، هاوكات هاندەرێكیش دەبێت بۆ توێژەرانی دواتر كە دەیانەوێت توێژینەوەی دیكە لەسەرئەم بوارە ئەنجام بدەن.

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ خستنە ڕووی هۆكار و كاریگەرییەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت، ئەویش بەپشتبەستن بە داتا و ئاماریی زانستی ورد و هەوڵدانی زیاتر بۆ ڕێگری كردن لەم دیادەیە، لەڕێگەی ئەو ئەنجام وڕاسپاردانەی كە لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو خۆی دەبینێتەوە لە دانانی پلانی ڕێگری كردن لەم دیاردەیە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە.

**سێیەم / ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

**ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی هەریەکە :-**

١- **لە هۆکارەکانی ( کۆمەلأیەتی، ئاینی ،ئابوری، فێرکاری) یەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە.**

٢- **گرنگترین کاریگەرییە نەرێنیە (کۆمەلأیەتی فێرکاری وئابوری پەروەردەیی و دەروونی و تەندروستی) یەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە لای ئەو ژنانەی کە هاوسەرگیری پێشوەختیان کردووە.**

**باسی دووەم / پێناسەکردنی چەمکەکان**

**یەکەم /هاوسەرگیری :**-هاوسەرگیری لەڕووی زمانەوانیەوە پێناسە دەکرێت بە بەنزیك بوونەوەی دوو کەس لەیەکتری یان کۆبونەوەیان بەیەکەوە کەپێشتر هەریەکەیان تەنیابوون، بەلأم ئەم چەمکە زیاتر گوزارشت لە نزیك بوونەوەی پیاودەکات لە ژن بەشێوەیەکی دووبارە وبەردەوام (طهماز ،١٩٨٧،ص٩) ، لەڕووی شەرعیەوە هاوسەرگیری پێناسە دەکرێت بە پەیوست نامەیەکی هاوسەرگیری کە بەهۆیەوە ژن و پیاو پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن بە شێوەیەك کە شەرع ڕێگەی پێداون (فهمی،٢٠٠٧،ص٣٥).لەلایەکی دیکەوە هاوسەرگیری پێناسە دەکرێت بە سیستەمێکی کۆمەلأیەتی کە بە هۆیەوە دووکەس بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ پێکهێنانی خێزانێکی نوێ، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەوە منداڵ دێتە کایەوە، ئەو پەیوەندیەش جۆرو شێوازی جیاوازی هەیە(القائیمی،١٩٩٤،ص٢٠٥) .

بەم شێوەیە دەتوانین پێناسەی تیۆری بۆ هاوسەرگیری بەم شێوەیە بخەینە ڕوو(بریتیە لەو پەیوەندیەی کە ژن و پیاو پێکەوە دەبەستێتەوە، بەلأم بە جۆرو شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێت ) .

**دووەم /هاوسەرگیری پێشوەخت:-** پێناسە دەکرێت بەو( هاوسەرگیریەی کە هەرزەکاران بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە پێش تەمەنی شانزەساڵی ئەنجامی دەدەن، هێشتا کامڵ نەبوون لە ڕووی سۆزداری و دەروونی وهزریەوە توانای خۆ گونجاندن و هەلگرتنی بەرپرسیارێتیان لە ژیانی هاوسەرێتیاندا نیە )(القصیر ومعن خلیل عمر،بدون سنه، ص٣٢٣-٣٢٤) ، یاسای باری کەسی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان-عێراق، ڕێگە بەهاوسەرگیری دەدات دوای تەواوکردنی تەمەنی شازدە ساڵی، ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیە وئەمەش دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیار (وەلی)ی شەرعی دەبێ(یاسای باری کەسیەتی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان-عێراق، لا٣).

لەلایەکی دیکەوە هاوسەرگیری پێشوەخت پێناسە دەکرێت بە هاوسەرگیریەی کە ڕوودەدات پێش تەواو بوونی گەشەکردنی جەستەیی کچان (بۆ زانین گەشەکردنی جەستەیی دەکەوێتە نێوان (١٨-٢٠) ساڵید) ا(شهوان ،٢٠١٢،ص٦).

دیاریکردنی چەمکی هاوسەرگیری پێشوەخت بە تێڕوانینی تەمەنی هاوسەرگیر لەکۆمەڵگایەکەوە بۆکۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە ، تەمەنی هاوسەرگیری هۆکاری سەرەکیە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی هاوسەری و لێکتێگەیشتن و ئارامی و ئاسودەیی لە نێوان هاوسەرەکاندا ( الخولی،١٩٨٥،ص٤٥).

لە کۆبەندی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەتوانین پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی هاوسەرگیری پێشوەخت بکەین بەو (هاوسەرگیریەی کە کچان پێش تەمەنی یاسایی، واتە پێش تەمەنی شانزەساڵی ئەنجامی دەدەن بە هۆی چەند هۆکارێکی جیاوازی وەك هۆکارەکانی( کۆمەلأیەتی، ئابوری، فێرکاری، دینی).

**بەشی دووەم / هۆكارو كاریگەرییەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت**

**باسی یەكەم/ هۆكارەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت**

هاوسەرگیری پێشوەخت چەند هوكارێكی تێهەڵكێشی هەیە، كە پەیوەندیدارن بەخێزانەكان وهەندێكیان پەیوەندییان بەرۆشنبیری و داب و نەریتی كۆمەڵگاكانەوە هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەهۆكارەكان دەگەڕێتەوە بۆخودیكچەكە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەگرنگترین هۆكارەكانی ئەم پرۆسەیە بخەینە ڕوو، ئەوانیش:

**یەكەم / هۆكاری كۆمەڵایەتی:** ئاراستە كۆمەڵایەتیەكان جەخت لەسەر ئەوەدەكەنەوە كەهاوسەرگیری سیستەمێكی كۆمەڵایەتیەو بناغەی دروستبوونی خێزانە (القصیر،١٩٨٤، ص٢٦٨) لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت بۆئەو كەسانەی كە هاوسەرگیری ناكەن دەبێتە جێگەی پرسیار لای تاكەكانی كۆمەڵگا، ئایا بۆچی ئەو كەسانە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نادەن؟ هەروەها تێڕوانینی تاكەكانی كۆمەڵگا بۆئەو كەسانەی كە هاوسەرگیریان نەكردووە ئەوەیە كە كەسانێكن كەمتر جوان و سەرنج ڕاكێشن وەك لەوانەی كەهاوسەرگیریان كردووە (الساعاتی،١٩٨١،ص١٨). لەگەڵ ئەوەشدا داب ونەریت ڕۆڵێكی گەورە لەبابەتی هاوسەرگیری پێشوەختدا دەبینێت، بە تایبەت لەچوارچێوەی هەندێك لەخێزان و كۆمەڵگادا واسەیری ئافرەت دەكەن كە ناموسی خێزانەكەیە و خێزانەكانیش دەست پێشخەری دەكەن لەبەشوودانی پێشوەختەی كچەكانیان لەترسی ئەوەی ناووناوبانگیان لەكەدار نەبێت (الفایز، ٢٠١٢،ص٥)

هەروەها هەندێك لە خێزانەكان بەمەبەستی بەردەوامیدان بە پەیوەندی خزمایەتی یاخود هاوڕێیەتیان، هەڵدەستن بە بەشوودانی كچەكانیان كەزۆرینەی كات كچەكانیان بەناچاری ڕازی دەكەن، یاخودكچەكانیان لە تەمەنێكی زۆر بچووكدا مارە دەبڕێن لەپێناوهێشتنەوەی پەیوەندی و تێكەڵاونەبوونیان لەگەڵ كەسانی بێگانەدا (ابویاسین،٢٠١٠،ص٢). ئەمە جگەلەوەی كە ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری خێزانەكان ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت، ئەو خێزانانەی كە خوێندەوارن هانی منداڵەكانیان دەدەن كەخوێندن تەواو بكەن و پاشان هاوسەرگیری بكەن، بەبەراوردی ئەو خێزانانەی ئاستی خوێندەواریان نزمە لەتەمەنێكی كەمدا كچەكانیان هاوسەرگیری دەكەن بەتایبەتی لەناوچە گوندنشینەكاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەكچان بەهۆی نەبڕینی قۆناغەكانی خوێندن و مانەوەیان وحەزنەكردنیان بۆبڕینی ئاستەكانی خوێندن، هاوسەرگیریان بەبیانوویەك دەزانن بۆ نەچوونەوەیان و تەواو نەكردنی خوێندنەكەیان (الفایز،٢٠١٢،ص٥) یاخود ڕێگری لە كچ دەكرێت كە نەچێتەوە بۆخوێندنگاكەی، كە ئەو خێزانانە دەترسن لەوەی كچەكانیان لەڕێگەی خوێندنەكەیانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێكسی ببنەوە(UN,٢٠٠٦,P٢٥) لەگەڵ ئەم ترسەی خێزانەكانیشدا هەندێك جار كچان تووشی لادانی سێكسی یاخود سكپڕبوون دەبنەوە بەدەر لەپرۆسەی هاوسەرگیری، هەر بۆچارەسەركردنی ئەم كێشەیە بەناچاری لەلایەن هەردوو خێزانی كوڕوكچەكەوە بەهاوسەرگیری پێشوەخت كۆتایی پێدێنن لەپێناو پاراستنی ناووناوبانگیان، یان زانینی دایك وباوك لەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان كچەكەیان وكوڕێكی تردا بێدەنگدەبن لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریان لە ترسی لادانی ڕەوشتی منداڵەكانیان چونكە غەریزەی سێكسی لەو تەمەنەیاندا پاڵنەرێكی بەهێزە لەهەوڵی كەمكردنەوەی ئەم غەریزەیەدان، لەگەڵ بوونی ئەم هۆكارانەشدا هەندێك جار كچەكە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ كوڕێكدا هەبووە بەڵام لەكۆتاییدا كوڕەكە ڕازی نابێت هاوسەرگیری لەگەڵدا ئەنجام بدات، كچەكەش وەك تۆڵە سەندنەوەیەك هاوسەرگیری لەگەڵ كوڕێكی دیكەدا ئەنجام دەدات. یاخود هەندێك لەكچان ترسیان لەدواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیریان هەیە كەنمونەی كەسانی

نزیکیان لەبەرچاودا بێت کەدرەنگ هاوسەرگیریان کردبێت، هەربۆیە لەهەوڵی هاوسەرگیریدان لەتەمەنێکی کەمدا و لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەردەبن بە هاوسەرگیریکردنی کەسانی نزیکیان و لاساییان دەکەنەوە ئەویش بەهۆی حەزکردنیان بەمەراسیمەکانی هاوسەرگیری و ئاهەنگگێڕان، لەم تەمەنەشدا کچان کاریگەردەبن بە زنجیرە دراماکان و فیلمەکان کەلە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا پەخش دەکرێن، بەتایبەت تەلەفزیۆن کەدەبێتە میوانی هەموو ماڵێك و لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی دۆبلاژکردنی زنجیرە دراماکان بۆ زمانی کوردی وادەکات کاریگەری لای کچان جێبهێڵێت (سیوەیلی، ٢٠١٦ )، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی میدیا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا یەکێکە لەهۆکارەکان کە تابتوانرێت لەڕێگایەوە کچان و خێزانەکانیان لەزیانەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت ئاگادار بکرێنەوە، چونکە میدیا دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی لەم بوارەدا ببینێت (Human development resource centre,٢٠١١,P١٠)یەکێکی دیکە لە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە کچەکە دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات لەکێشەکانی نێوخێزانەکەی، وەك مردنی دایکی یاخود مردنی باوکی، یان جیابوونەوەی دایك و باوکی یان کاتێك باوکی هاوسەرگیری دەکاتەوە لەگەڵ ژنێکی دیکەدا ژنی دووەمی باوکی دەیەوێت ڕزگاری بێت لەکچی مێردەکەی و دەیەوێت زوو هاوسەرگیری بکات، یاخود کچەکە دەیەوێت ڕزگاری بێت لەوتوندوتیژیانەی لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە بەرامبەری دەکرێت و دەربازبوون لەو جیاوازییە ڕەگەزییەی لەنێو خێزانەکەیدا هەیە، هەربۆیە دەیەوێت لەتەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری بکات لەپێناوی گەیشتن بەژیانێکی بەختەوەر(شهوان،٢٠١٢،ص٦٠) .

هەندێك جاریش باس لەلایەنی دەروونیش دەکرێت بۆهاوسەرگیری پێشوەخت، ئەویش بەوەی کە ئەوکەسە لەوتەمەنەدا لەقۆناغێکی هەرزەکاریدایە، دەیەوێت کەسێکی ئازادبێت و وەکو کەسێکی تەمەن گەورە خۆی نیشان بدات، بەڵام ناتوانێت بەقسەکردن گوزارشتی لێوە بکات یاخود هەڵسوکەوتەکانی ڕەتدەکرێتەوە، بۆیە ئەو کەسە هاوسەرگیری هەڵدەبژێرێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر خودی خۆی(الخوری،٢٠٠٨،ص١٩٦) .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد و زۆرینەی کاتیش کەباس لەهاوسەرگیری پێشوەخت دەکرێت دەبەسترێتەوە بەوەی ئەو کەسە گەیشتبێتە تەمەنی باڵقبوون، کەئەمەش دەگۆڕێت بەجیاوازی کۆمەڵگاکان و ژینگەکانیان، بێگومان ئاووهەوا و ژینگە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لەسەر پێگەیشتنی هەردووڕەگەز (نێر و مێ)، بۆنموونە لە ناوچە گەرمەکاندا کچ لەتەمەنی (٨ بۆ ١٠)ساڵیدا پێدەگات و کوڕ لەتەمەنی (١٢ بۆ ١٣) ساڵیدا پێدەگات، بەڵام پێگەیشتنی تەمەن لەناوچە ساردەکاندا دوادەکەوێت بۆ تەمەنی (١٦ بۆ ١٧) ساڵی لەکچاندا و (١٨ بۆ ١٩) ساڵی لەتەمەنی کوڕاندا( الخوری، ٢٠٠٨، ص١٩٢).

**دووەم / هۆکاری ئابوری:**یەکێکی دیکە لەهۆکارەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری خێزانەکان کەتوانای بەخێوکردن و دابینکردنی بژێوی و خەرجی خوێندنی کچەکانیان نیە، ئەو خێزانانەی ژمارەی منداڵیان زۆرەو داهاتیان کەمە لەهەوڵی ئەوەدان زوو کچەکانیان هاوسەرگیری بکەن کە بەدیوێکی دیکەدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشاری ئابوری لەسەر خێزانە هەژارەکان ( Human development resource centre,٢٠١١,P٨) هەندێك لەخێزانەکان لەکاتی هاوسەرگیری پێشوەختەی کچەکانیان بڕێك پارە یان پارچەیەك زەوی وەردەگرن لەپێناو تێپەڕاندنی ئەودۆخە ئابوریە خراپەی کەتیایدان (القضاة، ٢٠١٠،ص٤٥٦) ولەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەدایکان و باوکانی گوندنشین حەزدەکەن منداڵەکانیان لەتەمەنێکی بچووکدا

هاوسەرگيری بكەن لەپێناوبوونی منداڵی زۆر كە بەپێويستی دەزانن بۆڕاپەراندنی ئيشوكارەكانيان (الساعاتی،١٩٨١،ص١٩).

**سێيەم / هۆكاری ئاينی:** زانايانی ئاينی ئيسلام تەمەنی پێگەيشتن بۆهەريەك لەكوڕان وكچان بەدەركەوتنی نيشانەكانی پێگەيشتن دياريدەكەن وپێگەيشتنی تەمەنيش بەسەرەتايەك بۆ قۆناغی هاوسەرگيری دياريدەكەن (الأمينی، ١٩٩٤، ص١٥) . بەپێی ڕای هەريەك لەئاينزاكانی مالكی و شافيعی و حەنبەلی تەمەنی (١٥) ساڵی بەتەمەنی گونجاو بۆهاوسەرگيری دادەنێن وزاناكانی شيعەی جەعفەری هاودەنگن لەسەردياريكردنی تەمەنی (١٥) بۆكوڕان ودياريكردنی تەمەنی پێگەيشتنی كچان بە(٩) ساڵی دياريدەكەن، بەلاّم هەرچی (ابو حنيفه)شە تەمەنی گونجاو بۆهاوسەرگيری كوڕان (١٨) ساڵ و بۆكچانيش (١٧) ساڵی دیايدەكەن(الخوری، ٢٠٠٨،ص١٩٣). بێگومان هۆكارە ئاينيەكان بەيەكێك لەهۆكارەكانی هاوسەرگيری دەژمێردرێت، چونكە هاوسەرگيری هەريەك لەكوڕان و كچان لە لادان و كەوتنە ناو گوناح دەپارێزێت (دياب،١٩٨١،ص٢٤٧ ). لەبەرئەمە چەندين دەقی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) باس لە هاوسەرگيری دەكەن و بۆئەوانەی دەتوانن هاوسەرگيری بكەن بەبێ دواخستن، خوای گەورە دەفەرموێت ( وانكحوا الايامى منكم والصالحين من عبادكم وامائكم ان يكونوا فقراء يغنهم الله من فضله والله واسع العليم) (القران الكريم، سوره النور، الايه ٣٢) واتە ژن بدەن بەپياوانی بێ ژن، ئافرەتانی بێوەژن بدەن بە شوو، هەروەها ژن بدەن بە بەندە چاكەكان و كەنيزەكانيشتان بدەن بەشوو ئەگەر هەژاريش بن، ئەوا خوا لەفەزڵ و بەخششی خۆی بەختەوەريان دەكات، خوای گەورەش هەميشە فراوانگير و زانايە.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فانه اغض للبصر، وحصن للفرج، و من لم يستطيع فعلية بالصوم، فانه له وجاء) واتە ئەی كۆمەڵی گەنجان هەركەسێكتان تواناتان هەيە با هاوسەرگيری بكات، چونكە ئەوە چاو دەپارێزێت وداوێن پاك ڕادەگرێت، ئەوانەتان توانايان نيە با بەڕۆژوو بن، ئەوە دەبێتە قەڵغان بۆی. هەروەها لەفەرموودەيەكی ديكەدا دەفەرموێت (من رزقه الله امرأة صالحة، فقد اعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي) واتە ئەوەی خوای گەورە ژنێكی چاكی پێبدات، ئەوا يارمەتی داوە لەنيوەی ئيمانی با لەخوا بترسێت بۆ نيوەكەی تری.هەروەها عەلی كوڕی ئەبوتاليب دەفەرموێت، پێغەمبەر(د.خ) فەرموويەتی( ثلاثة لاتؤخرهن، الصلاة اذا اذنت، والجنازة اذا حضرت، والايم اذا وجدت كفوا) واتە سێ شت هەن نابێت دوابخرێن ، نوێژ كاتێك بانگ درا، تەرمی مردوويەك كاتێك ئامادە بێت بۆ ناشتن، پياوێك كاتێك هاوشانی خۆی دەدۆزێتەوە(القضاة،٢٠١٠،ص٤٥٥).

بەلاّم هەموو ئەم ئايەت و فەرموودانە هانی هاوسەرگيريەك نادات پێش تەمەنی باڵقبوون، بەلاّم لەدوای ئەو تەمەنانە لەگەڵ ئەوەيە كە هاوسەرگيری بكرێت بۆ دوركەوتنەوە لە خراپەكاری و بەدە ستهێنانی ژيانێكی ئاسودە .

**باسی دووەم / كاريگەرييەكانی هاوسەرگيری پێشوەخت**

كاتێك كچان هاوسەرگيری پێشوەخت ئەنجام دەدەن، دۆخەكەيان قورستر و گرانتربێت و سەرەنجام كۆمەڵێك كاريگەری نەرێنی جێدەهێڵێت، لێرەدا هەوڵدەدەين باس لەگرنگترين كاريگەرييەكان بكەين، ئەوانيش :-

**يەكەم / كاريگەری كۆمەڵايەتی:** سەرەڕای ئەوەی كەكچان لەتەمەنێكی كەمدا هاوسەرگيری دەكەن لەگەڵ ئەوەشدا هيچ مافێكی بڕياردانيان لەنێو خێزانەكەياندا نيە، ئەمەش زياتربۆئەوە دەگەڕێتەوەكە كچەكە

هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی لەخۆی گەورەتر یان زۆر لەخۆی گەورەتر ئەنجامداوە وڕای وەرناگرێت سەبارەت بەکاروبارەکانی ڕۆژانەیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، هەروەهاکچەکەش هیچ جۆرە ئەزموونێکی وەهای لەژیانیدانیە تاگەیشتبێتە توانای ئاستی بڕیاردان لەنێوخێزانەکەیدا(UN,٢٠٠٦,P١٤) وزۆرینەی جار تێنەگەیشتن لەنێوان هەردووهاوسەردا ڕوودەدات کە لەوانەیە هەردووکیان تەمەنیان لەیەکەوە نزیك بێت، بەڵام بەهۆی کەمی ئەزموونیان ونەبوونی زانیاری سەبارەت بەئەرك ومافەکانیان لەسەر خودی خۆیان ولەسەر منداڵەکانیان وهەروەها زانینی ئەوڕاستیەی کەئەوخەونانەی پێش هاوسەرگیری وێنایان کردبووجیاوازە لەگەڵ ئەوژیانە کۆمەلایەتیەی کەتیایدان.

وەك ئاماژەمان پێکرد لەهەندێك جاردا جیاوازی تەمەن لەنێوانیاندا هەیە ئەمەش وادەکات کەبیرو بۆچوونەکانیان لەیەکتردووربن و هۆکارە بۆئەوەی پەیوەندی نێوانیان لاوازبێت و کێشەی نێوانیان زۆربێت کە هەندێك جار تاکە ڕێگە بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشانە پەنا بۆجیابوونەوە دەبەن، چونکە کچەکە لەتەمەنێکی کەمدایە ناتوانێت ڕووبەڕووی قورسایی ژیان ببێتەوە و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی نیە (خمیس واخرون، ٢٠١٤، ص٦٥) هەروەها جیاوازی تەمەن لەنێوان هەردوو هاوسەردا هۆکارێکی ڕێگەخۆشکەرە بۆبونی ململانێ لەنێوانیاندا و ناپاکی هاوسەری و دروستبوونی گومان وئیرەیی (القصیر ومعن خلیل عمر، بدون السنه، ص٣٢٤)، لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەولێکۆڵینەوەیەی (UN)کەلەساڵی (١٩٩٤) لەسەر (١٤٤) ژن ئەنجامیداوە، لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە زۆرینەی ئەوژنانە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی ودەروونی و زارەکی وجەستەیی بوونەتەوە.

**دووەم/ کاریگەری فێرکاری و ئابوری :** ئەوکچانە ناتوانن درێژە بەپرۆسەی خوێندنیان بدەن و زوولە خوێندن دادەبڕێن وهاوسەرگیریەکەیان دەبێتە بەربەست لەبەردەم تەواوکردنی خوێندنداو بێبەش دەبن لەبەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی، کەخوێندن ڕێگەیەکە کچان دەتوانن گەشە بەتوانا وشارەزاییەکانیان بدەن، بەڵام لەکاتێکدا کەنەتوانن ئاستەکانی خوێندن بڕن و بێبەش دەبن لە خوێندن، ئەوا ناشتوانن خاوەن ئابوریەکی سەربەخۆی خۆیان بن بەمەش کێشەکانیان زیاتر دەکات و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەوەی چانسی دامەزراندنیان لەدامەزراوە و بازاڕی کاردا کەم بێتەوە وبێکار دەبن وکێشەی شوێنی نیشتەجێبوون و زەحمەتی دابینکردنی بژێوی ژیانییان ڕووبەڕوو دەبێتەوە (UN,٢٠٠٦,P١٤).

**سێیەم/ کاریگەری پەروەردەیی:** دایکایەتی ئەرك و ڕەمەکێکی سروشتی یە کەلە هەرئافرەتێکدا بوونی هەیەو دوای بوون بەدایك هەستی پێدەکات، دایك لەناخیدا خۆشەویستی وسۆزێکی زۆری بۆ منداڵەکەی هەیە بێگومان ئەم خۆشەویستیەش لەڕێگەی پەروەردەیەکی دروست بۆمنداڵەکەی ڕەنگدەداتەوە، بەڵام کاتێك دایکەکە لەتەمەنێکی کەمدا بێت شارەزایی لەسەر پەروەردەو چاودێری منداڵەکەی نیە، بۆیە ناچار پێویستی بەکەسانی چواردەوری دەبێت بۆ پێدانی ئامۆژگاری وشارەزایی لەسەر پەروەردە کردنی منداڵەکەی(خمیس واخرون، ٢٠١٤،ص٦٧) .

**چوارەم / کاریگەری دەروونی:** لەوقۆناغەی تەمەنی کچاندا کەهاوسەرگیری تیادا ئەنجام دەدەن، خۆی لەخۆیدا ئەم قۆناغەی تەمەن ڕووبەرروی گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆژی دەبنەوە وهۆرمۆنەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر دۆخی دەروونیان دروست دەکات. سەرباری ئەوگۆڕانکاریانەش لەم قۆناغەدا کاتێك کچان هاوسەرگیری دەکەن دووردەکەونەوە لەسۆزو خۆشەویستی دایك وباوکیان و هەروەها بێبەش

دەبن لەچێژ وەرگرتن لەقۆناغی هەرزەكاریان كە ناتوانن وەك هەرزەكارێك هەڵسوكەوت بكەن دوای ئەوەی كەدەبن بە هاوسەر یاخود دایك یاخود كاتێك سكپڕ دەبن یاخود منداڵیان ببێت یاخود منداڵیان لەبارچێت كاریگەری لەسەر دۆخی دەروونیان دروست دەكات بەهۆی گۆڕانكاری لەهۆرمۆنەكاندا(خمیس واخرون، ٢٠١٤،ص٢٨-٢٩). لەهەمان كاتدا ئەوژیانە كۆمەلأیەتیە خراپەی كەتیایدا دەژین كەلە پێشووتردا باسمان كرد وادەكات دۆخێكی دەروونی خراپتریان بۆدروست بكات وكاریگەری نێگەتیڤ لایان جێدەهێلێت، ئەم دۆخەدەروونیە خراپەی ژنانیش زۆرینەی كات لەشێوەی شلەژانەدەروونیەكاندا دەردەكەون وەك هیستریا، دوودڵی، خەمۆكی، ترس، بێگومان كاریگەری سلبیش دەكاتە سەر منداڵەكەی كەناتوانێت منداڵەكەی لەژینگەیەكی دروستدا گەورە بكات وناتوانێت چاودێریەكی دروستی كۆمەلأیەتی و تەندروستی و پەروەردەیی منداڵەكەی بكات (خمیس واخرون، ٢٠١٤، ص٢٩) .

**پێنجەم / كاریگەری تەندروستی:** ئەگەری زۆر هەیە ژنان لەدوای پرۆسەی هاوسەرگیریان ڕووبەڕووی زنجیرەیەك كێشەی تەندروستی ببنەوە، كە زۆرجار كاریگەری خراپی سێكسی لێدەكەوێتەوە، چونكە زۆرینەی كچان لەوتەمەنەدا كەهاوسەرگیری دەكەن هۆشیاری وزانیاری سێكسیان نیە، ئەم كێشەیەش بەزۆری لەو كچانەدا ڕوویانداوەكە تەمەنیان لەخوار (١٥) ساڵیەوەیە، ئەم كچانە زۆرینەی كات ڕووبەڕووی مەترسی گەورەی تەندروستی سێكسی بوونەتەوە ویان گەلێك جاریش بەتەواوی ژیانیان لەدەستداوە، هەروەها ئەو ژنانەی ڕوبەڕووی دۆخێكی خراپی تەندروستی بوونەتەوە لەكانی منداڵبووندا دواتر كاریگەری نێگەتیڤی بۆسەر ژیانیان بەجێهێشتووە بەپلەی یەكەم لەڕووی پەیوەندی سێكسی لەگەڵ هاوسەرەكەیدا چونكە ئەوتەندروستیەی پێشووتری نەماوە بۆئەوەی بەشێوەیەكی گونجاو كاری سێكسی لەگەڵ هاوسەرەكەی ئەنجام بدات، بێگومان ئەمەش هۆكارە بۆ خراپی پەیوەندی نێوانیان.(Wellesley Centers for Women,٢٠٠٨,P٣٥ )، جگە لەوانەش ژنان تووشی منداڵ لەبارچوون دەبن چونكە منداڵدانی دایك لەوتەمەنەدا ئامادە نیە كەمنداڵ تیایدا گەشە بكات ولەم كاتەشدا زۆرینەی ژنان تووشی كەمخوێنی دەبن یاخود سكپڕبوونی دایك دوادەكەوێت بۆ كاتێكی درەنگتر، هەروەها لەكاتێكدا ژنان سكپڕدەبن بەهۆی نەبوونی زانیاریان لەسەر ماوەی سكپڕیەكەیان ڕوبەڕووی زۆر كێشە دەبنەوە، وەك كەمی خواردن، كەمخوێنی،بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، تەنانەت لەكاتی دایكبوونی منداڵەكەدا زۆرینەی كات بەرێگەی نەشتەرگەری منداڵەكە لەدایك دەبێت، هەروەها ڕێژەی مردنی دایك لەكاتی لەدایكبوونی منداڵەكەیدا زیاددەكات بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٥-١٩)ساڵیدایە. بوونی ئەم كاریگەریە سلبیانە تەنها لەسەر دایكەكە نیە بەڵكو كاریگەری خراپ لەسەر خودی منداڵەكەش جێدەهێلێت، هەندێكجار ئەومنداڵانە پێش وادەی خۆیان لەدایكدەبن وهەناسەدانیان باش نابێت بەهۆی باش گەشەنەكردنی سییەكانیانەوەو هەندێكجار كەلەدایكدەبن كێشیان كەمە و دواتریش گەشەی جەستەیی و ژیریان دوادەكەوێت (خمیس واخرون، ٢٠١٤، ص٢٧-٢٨) ، سەرەڕای ئەوكێشە تەندروستیانەی باسمان كرد، لەهەریەك لەكێشە سێكسیەكان و كێشەكانی كاتی سكپڕبوون و كاتی منداڵبوون و منداڵ لەبارچوون، بەلأم لەگەڵ ئەوانەشدا لەزۆرینەی ولأتەدواكەوتووەكاندا سەنتەری تەندروستی و چاودێری وەك پێویست نین یاخود هەربوونیان نیە، بۆئەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی و ڕێنمایی گونجاو پێشكەش بەوكەسانە بكەن و چارەسەری كێشە تەندروستیەكانیان بۆبكەن، ئەم كێشانەش لەناوچە گوندنشینەكان و دوور لەشارەكان قووڵتر دەبنەوە (Human Development Resource Centre,٢٠١١,P١٢) .

## دەروازەی دووەم /لایەنی مەیدانی

## بەشی سێیەم / میتۆد و ڕێکارە مەیدانیەکان

**باسی یەکەم / میتۆدی توێژینەوەکە:** هەرتوێژینەوەیەکی زانستی پشت بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی دیاریکراو دەبەستێت لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەیدا، بەوپێیەی بەجیاوازی سروشتی بابەتەکان میتۆدەکانیش جیاوازن. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێناسەی میتۆد بکەین(میتۆد ئەو ڕێگاو شێوازەیە کە توێژەر بەکاری دەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلێنکردن وراڤەکردنیان لەو توێژینەوە زانستیەدا کە ئەنجامی دەدات ) (الحسن ،١٩٩٩،ص٥٩٩).لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێویی کۆمەلأیەتی بەکاردەهێنین بەو پێیەی کە جۆری توێژینەوەکە وەسفیە بەهۆی فۆرمی ڕاپرسیەوە زانیاری لەسەر لێتوێژراوەکان کۆدەکرێتەوە بەئامانجی شیکارکردنیان بەشێوازێکی زانستی و بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات .

**میتۆدی ڕوپێوی کۆمەلأیەتی** :- هەوڵدانێکی ڕێکخراوە بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو بارودۆخەی کەلە سیستەمێکی کۆمەلأیەتی یاخود گروپێك یان ژینگەیەکی دیاریکراودا هەیە، بەئامانجی گەیشتن بەو زانیاریانەی کە دەتوانین پۆلێن و ڕاڤەیان بکەین و بیان گشتێنین بەمەبەستی سود وەرگرتن لێیان لەداهاتودا بۆ مەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێت (حسن،١٩٧١،ص٣٣٥) ئەم میتۆدە یەکێکە لەگرنگترین ئەو میتۆدە سەرەکیانەی کەلە توێژینەوە کۆمەلأیەتی و وەسفیەکاندا بەکاردێت بۆزانینی خەسڵەتەکانی دیاردەیەك لەنێو گروپێك لە کات وشوێنێکی دیایکراودا کە ئەم خەسڵەتانە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی یان چاوپێکەوتن یان تێبینی کردنەوە کۆدەکرێتەوە (عقیل، ١٩٩٩،ص٧٩). لە بواری مرۆییدا ڕووپێویی کۆمەلأیەتی دووجۆر دەگرێتەوە، ئەوانیش (ڕووپێویی گشتی) ئەم جۆرە هەموو تاکەکانی کۆمەلگای توێژینەوەکە دەگرێتەوە(مختار،١٩٩٥،ص١٥٨)، (ڕووپێویی بە ڕێگەی وەرگرتنی نموونە ) ئەم جۆرە واتە وەرگرتنی بەشێك لە کۆمەلگای توێژینەوەکە بۆ ئەوەی لێکۆلێنەوەی لەسەر بکرێت بە مەرجێك ئەو بەشەی کە وەری دەگرێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کۆمەلگای توێژینەوەکە بکات (أبو عمە واخرون ، بدون سنة الطبع، ص١٦). هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا سودیان لە ڕووپێوی گشتی وەرگرتوە کە لە سەرجەم تاکەکانی کۆمەلگای توێژینەوەکە پێکهاتووە، سەرجەم ئەو ژنانەی کە هاوسەرگیری پێشوەختیان کردووە لەئێستاداخوێندکارن لە قوتابخانەکانی ئێواران لەسنوری پەروەردەی ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی( ٢٠١٥ – ٢٠١٦ ).

**باسی دووەم / ڕێکارە مەیدانیەکان**

**یەکەم / کۆمەلگای توێژینەوەکە** : کۆمەلگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەسەرجەم ئەو ژنانەی کە لەخوێندنگەکانی ئێوارانی کچان یان تێکەلأوی سنوری پەروەردەی ڕۆژئاوا لەشاری سلێمانین، کە ژمارەیان ( ١٩ ) خوێندنگەیە، دوای سەردان و پەیوەندی کردن بە بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگانەوە بۆ وەرگرتنی ئاماری ئەو ژنانەی هاوسەرگیری پێشوەختیان کردووەو گەڕاونەتەوە سەرخوێندن بۆساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) تەنها لە ( ٨ )خوێندنگەدا لەو ژنانەی هەبووە کە هاوسەرگیری پێشوەختیان کردووە وژمارەشیان بریتیبووەلە (٧٠) ژن، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون بۆتەوە

| ژ | ناوی خوێندنگەی كچان | قۆناغ | گەرەك | ژ. خوێنكاری |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خانمانی ئیواران | بنەرەتی | چوارباخ | ١٠ |
| ٢ | ئەستێرەی ئێواران | بنەرەتی | شەكرەكە | ١٩ |
| ٣ | بازرگانی سلێمانی ئێواران | بازرگانی | هاوكاری | ٧ |
| ٤ | لەیلا قاسمی ئێواران | ئامادەیی | شێخ محی الدین | ١٠ |
| ٥ | ڕەهەندی ئێواران | بنەڕەتی | سەرچنار | ٦ |
| ٦ | سلێمانی /ئێوارانی كچان | ئامادەیی | كانی ئاسكان | ٨ |
| ٧ | مەڵۆ/ ئێواران | بنەڕەتی | عەواڵ | ٥ |
| ٨ | بەكرەجۆی ئێواران | ئامادەیی | بەكرەجۆ | ٥ |
| كۆ | | | | ٧٠ |

**دووەم/ ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری :-**

١- **فۆرمی ڕاپرسی :-** یەكێكە لەئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری وبریتیە لە فۆرمێك كۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەكە لەخۆدەگرێت، ڕووبەڕووی بەشێكی زۆری كۆمەڵگەی توێژینەوەكە دەكرێتەوە، ئەوپرسیارانەش پەیوەندی بەڕەوشی ئەوكەسانەوە هەیە كەنموونەی توێژینەوەكەن، هەروەها پەیوەندی هەیە بە زانیاری و هوشیارییان لەسەر ڕووداو گرفتەكان بەمەبەستی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەكان وگەیشتن بەو ئامانجانەی كەلە توێژینەوەكەدا خراوەتە ڕوو ( عفیفی،٢٠١٠،ص٢٩٨) . لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی بەكارهاتوە، لەسەرەتا پێكهاتبوو لە (٣٠) پرسیار، بەڵام پاش ئەوەی لەلایەن هەندێك لە شارەزایانی* بواری كاری كۆمەڵایەتیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ كرا هەندێك پرسیاری لێلابراو گۆڕانكاری تێداكراو لە كۆتایدا مایەوە (٢٨) پرسیار، پاشان ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ برگەپەسەندەكان دەرهێنرا بەپێی ئەو پێوەرەی كەتاقیكراوەتەوە دەركەوتوە كە ڕاستگۆی فۆرمەكە بریتیە لە ( ١٠٠٪ ) بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٣).

٢- **تێبینی :-** یەكێكەلە ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری و بریتیە لە تێبینی كردنی بابەتیانەو مەبەستدار، توێژەر لە ڕێگەی هەستەكانی بینین و بیستنەوە سەرنج دەدات بەبێ ئەوەی پشت بە ڕاوبۆچونی كەسەكە ببەستێت و زانیاری لەوەڵامدەر لە ڕێی دانپیانان و دەربڕینی خۆیەوە كۆبكرێتەوە ( بۆكانی،٢٠١٦،ل١٦٩)، لەم توێژینەوەیەدا لەكاتی پڕكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسیەكاندا هەوڵدراوە تێبینی هەڵسوكەوت و ئەو گۆرانكاریانە بكرێت كەلە دەموچاوی لێتوێژراودا هەستی پێدەكرا .

---

* ناوی شارەزایان /د. لقمان صالح كریم /بەش كاری كۆمەڵایەتی /كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان/زانكۆی سلێمانی

د.رزگار مصطفی غفور / بەش كاری كۆمەڵایەتی /كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان/زانكۆی سلێمانی.

د.ژیا عباس قادر / بەش كاری كۆمەڵایەتی /كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان/زانكۆی سلێمانی

د. كوردستان عمر / بەش كاری كۆمەڵایەتی /كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان/زانكۆی سلێمانی

**سێیەم /بوارەکانی توێژینەوەکە:-**

ا- **بواری مرۆیی :-** بواری مرۆیی توێژینەوەکە سەرجەم ئەو ژنانەیە کەهاوسەرگیری پێشوەختیان کردووە لە ئێستادا خوێندکارن لەخوێنگەکانی ئێواران لە سنوری پەروەردەی ڕۆژئاوا سەرجەمیان ژمارەیان ( ٧٠ ) کەسە.

ب- **بواری شوێن :-** لەنێو خوێنگاکانی ئێوارانی سنوری پەروەردەی ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی ئەنجام دراوە .

ج- **بواری کاتی :-** توێژینەوەکە لە ٣/١ /٢٠١٦ دەستی پێکردوە و لە ٧/١ /٢٠١٦ کۆتایی پێهاتوە، واتە کاتی جێبەجێکردنی لایەنی تیۆری و مەیدانیش دەگرێتەوە .

**چوارەم /ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:-**یەکێك لەو ئامرازە ئاماریانەی کە توێژەران بەکاریان هێناوە، ئەویش ناوەندی ژمێرەییە یاساکەی بریتییە لە :-

س=مج س × ن ( هیوبرت ،٢٠٠٠، ص٩٦) .
مج ن

**بەشی چوارەم/ خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم / خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان**

**یەکەم / خستنە ڕوو شیکردنەوەی زانیارییە گشتی یەکان**

**خشتەی (١ )**

**خستنە ڕووی ئاستی تەمەنی لێتوێژراوان**

| ئاستی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٠-١٥ | ٣ | ٤٪ |
| ١٦- ٢١ | ١٠ | ١٤٪ |
| ٢٢- ٢٧ | ١٢ | ١٧ ٪ |
| ٢٨-٣٣ | ٢٠ | ٢٩٪ |
| ٣٤- ٣٩ | ٢٥ | ٣٦٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە خشتەی (١) دا دەرکەوتووە ،کە بە ڕێژەی ٣٦٪لێتوێژەران تەمەنیان لە نێوان ٣٤-٣٩ساڵ دایە، بە ڕێژەی ٢٩٪ تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٨-٣٣) ساڵ و بە ڕێژەی ١٧٪ تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٢-٢٧) ساڵ، بەڕێژەی ١٤٪تەمەنیان لە نێوان (١٦-٢١) ساڵیدایە و بەڕێژەی ٤٪تەمەنیان لەنێوان (١٠-١٥) ساڵیدایە، ئەمە جگە لەوەی ناوەندی ژمێرەیی تەمەنی لێتوێژراوان بریتییە لە (٢٩.١٢) ساڵ.

**خشتەی (٢)**

**خستنە ڕووی باری خێزانی لێتوێژراوان**

| باری خێزانی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خێزاندار | ٦٠ | ٨٦٪بەنزیکەی |
| جیابوەوە | ٧ | ١٠٪ |
| تاك مردوو | ٣ | ٤٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٢) دا زانياری تايبەت بە باری خێزانی دەردەكەوێت، كە بە ڕێژەی ٨٦٪ ی لێتوێژراوان خێزاندارن، بە ڕێژەی ١٠٪ يان جيابووەوەن، بە ڕێژەی ٤٪ يان تاك مردوون .

خشتەی (٣)

خستنە ڕووی ئاستی بژێوی لێتوێژراوان

| ئاستی بژێوی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ٥ | ٪٧ |
| مامناوەند | ٣٠ | ٪٤٣ |
| خراپ | ٣٥ | ٪٥٠ |
| كۆ | ٧٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (٣) دا دەردەكەوێت بە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژراوان ئاستی بژێويان خراپە، بەڵام بە ڕێژەی ٤٣٪ ئاستی بژێويان مامناوەندە، بە ڕێژەی ٧٪ ئاستی بژێويان باشە. وەك دەردەكەوێت كە هاوسەرگيری پێشوەخت نەبۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێويان بەڵكو بە پێچەوانەوە زۆرينەيان لە ئاستێكی بژێوی خراپدان.

خشتەی (٤)

خستنە ڕووی تەمەنی هاوسەرگيری لێتوێژراوان

| تەمەنی هاوسەرگيری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٠-١١ | ٣ | ٪٤ |
| ١٢ -١٣ | ٣٥ | ٪٥٠ |
| ١٤-١٥ | ٢٠ | ٪٢٩ |
| ١٦-١٧ | ١٢ | ٪١٧ |
| كۆ | ٧٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (٤) دا دەردەكەوێت بە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژراوان لەتەمەنی (١٢-١٣) ساڵيدا هاوسەرگيريان كردوە ،بەڵام بە ڕێژەی ٢٩٪ (١٤-١٥) ساڵيدا هاوسەرگيريان كردوە، بە ڕێژەی ١٧٪ لەتەمەنی (١٦-١٧) ساڵی دا هاوسەرگيريان كردوەو بە ڕێژەی ٤٪ لەتەمەنی (١٠-١١) ساڵی هاوسەرگيريان كردوە ناوەندە ژمێرەيی تەمەنی لێتوێژراوان بريتيە لە (١٣,٦٧). وەك دەرئەكەوێت تەمەنی هاوسەرگيری لێتوێژراوان لەتەمەنێكی زووديە لەو تەمەنەدا لە كۆمەڵگای كورديدا كچان كامڵ نابن لەڕووی جەستەيی و هزريەوە و ئامادەنين بۆ هەڵگرتنی بەر پرسيارێتی ماڵ و خێزان.

خشتەی (٥)

دابەشكردنی لێتوێژراوان بە پێی ئاستی خوێندەواری

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئەخوێنێ و ئەنوسێ | ٦ | ٪٨,٥ |
| سەرەتايی | ١٤ | ٪ ٢٠ |
| ناوەندی | ٢٠ | ٪٢٨.٥ |
| ئامادەيی | ٣٠ | ٪٤٣ |
| كۆ | ٧٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٥) دا دەردەکەوێت بە ڕێژەی ٤٣٪ لێتوێژراوان ئاستی خوێندەواریان لە پلەی ئامادەیدایە و بە ڕێژەی ٢٨.٥٪ ئەو کەسانە ئاستی خوێندەواریان لە پلەی ناوەندیدان، بە ڕێژەی٢٠٪ ئاستی خوێندەواریان لە ئاستی سەرەتایدایە، بە ڕێژەی ٨,٥٪ تەنها ئەتوانن بخوێننەوە وبنوسن. هەروەك توێژەران لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی لەلایەن لێتوێژراوانەوە تێبینیان کردبوو کە لێتوێژراوان لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا وازیان لە خوێندن هێناوە و پاشان هاوسەرگیریان کردوە یان بە هۆی هاوسەرگیریەکەیانەوە وازیان لە خوێندن هێنابوو بەلاّم لە ئێستادا گەڕاونەتەوە ئەو قۆناغانەی کە تیایدا وازیان هێناوەو درێژە بە خوێندن دەدەنەوە .

خشتەی (٦)

دەرخستنی شوێنی نیشتەجێبوونی لێتوێژراوان

| شوێنی نیشتە جێ بوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ٦٠ | ٨٦٪ |
| ناحیە | ٥ | ٧٪ |
| گوند | ٥ | ٧٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت ڕێژەی ٨٦٪ لێتوێژاوان دانیشتووی ناو شارەکانن، بە ڕێژەی ١٤٪ دانیشتووی ناحیەو گوندن، جیاوازیەکی زۆر هەیە لەڕێژەی دانیشتوانی ناوشار و ناحیە و گوندا ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەناو سەنتەری شارەکان وەرگیراون، بەلاّم وەك تێبینی دەکرا لێتوێژراوان زۆربەیان پێشتر کە هاوسەرگیریان کردوە لە دەرەوەی شار بوون بەلاّم لە ئێستادا لەناو شاردا دەژین، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەوەی هاوسەرگیری پێشوەخت لە دەرەوەی شارەکاندا زیاترە وەك لەناو شارەکان.

دووەم/ خستنە ڕوو شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتەکان / یەکەم: هۆکارەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت -١ هۆکاری کۆمەلاّیەتی

خشتەی ( ٧)

خستنە ڕووی بڕیاری هاوسەرگیری لێتوێژراوان

| بڕیاری هاوسەرگیری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خۆم | ١٤ | ٢٠٪ |
| باوکم | ٣٥ | ٥٠٪ |
| باوکم و دایکم | ٧ | ١٠٪ |
| برام | ١٤ | ٢٠٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (٧)دا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بەوە دەکەن کە باوکیان بڕیاریانداوە کە هاوسەرگیری بکەن، بە ڕێژەی ٢٠٪ بڕیاری هاوسەرگیریەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ خۆیان ،

بەڕێژەی ١٠٪ ئاماژە بەوە دەكەن كە باوك و دایكیان پێكەوە بڕیاریان داوە كە كچەكانیان هاوسەرگیری بكەن، بە ڕێژە ی ٢٠٪ ئاماژە بە برا دەكەن، وەك دەرئەكەوێت جیاوازیەكی زۆر هەیە لە ڕێژەی بڕیاری هاوسەرگیری كچان بەڕێژەیەكی زۆر بڕیاری هاوسەرگیریەكە دەگەڕێنەوە بۆ باوكیان، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵگەی كوردی كە كۆمەڵگەیەكی پیاو سالاریە و زۆرینەی بڕیارەكان لەلای باوكە ( تەلارئەحمەد ، ٢٠٠٩، لا ١٠١).

خشتەی ( ٨ )

هۆكاری كۆمەلأیەتی هاوسەرگیری پێشوەختی لێتوێژراوان دەخاتە ڕوو

| هۆكاری كۆمەلأیەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پاراستنی ناوو ناوبانگ و ئابڕو | ١٤ | ١٤٪ |
| باوەڕبوون بە نسیب لە یەكەم داواكاری دا | ١٠ | ١٠٪ |
| جیاوازی ڕەگەزی لە خێزانەكەماندا | ٥ | ٥٪ |
| چاولێكەری كەسە نزیكەكانم | ١٤ | ١٤٪ |
| زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانەكەم | ٥ | ٥٪ |
| بوونی پەیوەندی خۆشەویستی | ٥ | ٥٪ |
| نەبوونی باوك و شوكردنەوەی دایكم | ٥ | ٥٪ |
| نەبوونی دایك و ژن هێنانەوەی باوكم | ٥ | ٥٪ |
| كاریگەری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن | ١٠ | ١٠٪ |
| ترسان لە دواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری | ٢٠ | ٢٠٪ |
| كۆ | ١٠٠ * | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (٨)دا دەردەكەوێت كە ڕێژەی ٢٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بەوە دەكەن كە ترسان لە دواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری هۆكاربوە بۆ هاوسەرگیریە پێشوەختەكەیان، بە ڕێژەی ١٤٪ هۆكاری كۆمەلأیەتی هاوسەرگیریەكەیان دەگەڕێننەوە بۆ پاراستنی ناوو ناوبانگ و ئابڕو و هەمان ڕێژەش بۆچاولێكەری كەسە نزیكەكانم، بەڕێژەی ١٠٪ ئاماژە بەوە دەكەن كە (باوەڕبوون بە نسیب لە یەكەم داواكاری دا كاریگەری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن)، بە ڕێژە ی ٥٪ (ئاماژە بوونی پەیوەندی خۆشەویستی ، نەبوونی باوك و شوكردنەوەی دایكم ، نەبوونی دایك و ژن هێنانەوەی باوكم ، زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانەكەم ، جیاوازی ڕەگەزی لە خێزانەكەماندا ) بەهۆكاری هاوسەرگیری پێشوەختەكەیان دەزانن. وەك دەرئەكەوێت لێتوێژەران كاریگەری هۆكاری كۆمەلأیەتی لە هاوسەرگیری پێشوەختیاندا بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێننەوە ترسان لەدواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و پاراستنی ناوو ناوبانگ و ئابڕو و لەگەڵ چاولێكەری كەسە نزیكەكانیان لەگرنگترین ئەو هۆكارانەن كە كاریگەری دیاریان هەبووە بۆ هاوسەرگیرییەكەیان، ئەتوانین ئەمەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەو تێڕوانینە نەرێنیەی كە كۆمەڵگای كوردی هەیەتی سەبارەت بە كچانی تەمەن گەورە یان ترسان لە داهاتویان، بەومانایەی كەوتنە ژێر ركێفی برا و براژن، ئەمە لەلایەك لەلایەكی ترەوە پاراستنی ناوناوبانگ و ئابڕو وەك

* .لێتوێژراو زیاتر لە وەڵامێكی هەڵبژاردووە .

تێبنی دەکرا کە زۆرێك لە وانەی کە ئاماژەیان بە بوونی پەیوەندی خۆشەویستی دەکرد لە پێناوپاراستنی ناو ناوبانگی خێزانەکەیاندا یەکسەر هاوسەرگیریان پێکراوە.

**٢- هۆکاری ئابوری:**

**خشتەی ( ٩)**

**هۆکاری ئابوری هاوسەرگیری پێشوەختی لێتوێژراوان دەخاتە ڕوو**

| هۆکاری ئابوری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەژاری خێزانەکەم | ٣٥ | ٥٠٪ |
| دەوڵەمەندی هاوسەرەکەم وخێزانەکەی | ٤ | ٦٪ ٭بەنزیکەیی |
| لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە داراییەکانی خێزانەکەم | ١٠ | ١٤٪ |
| هیچیان | ٢١ | ٣٠٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (٩)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەژاری خێزانەکانیان هۆکار بووە بۆ هاوسەرگیریە پێشوەختەکەیان، بە ڕێژەی ٣٠٪ ئاماژە بە هیچ کام لەو هۆکارانە ناکەن، بەڕێژەی ١٤٪ ئاماژە بە پاراستنی بەرژەوەندییە داراییەکانی خێزانەکانیان دەکەن، بە ڕێژە ی ٦٪ ئاماژە بە دەوڵەمەندی هاوسەرەکەیان وخێزانەکانیان دەکەن، دیارە لێتوێژراوان بە ڕێژەیەکی زۆر ئاماژە بە هەژاری خێزانەکانیان دەکەن کەئەمە هۆکارێکی کاریگەر بووە تاکو هاوسەرگیری پێشوەخت بکەن، لەلایەکی دیکەوە بەڕێژەی ٣٠٪ ئاماژە بە هیچ کام لەو هۆکارانە ناکەن، واتە هۆکاری ئابوری کاریگەری نەبووە لە هاوسەرگیریەکەیاندا.

**٣- هۆکاری ئاینی :**

**خشتەی ( ١٠)**

**خستنە ڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە کاریگەری هۆکاری ئاینی**

| وەڵامی لێتوێژراو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٧ | ٥٣٪ |
| تاڕادەیەك | ٢١ | ٣٠٪ |
| نەخێر | ١٢ | ١٧٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٠)دا دەردەکەوێت بە ڕێژەی ٥٣٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە کاریگەری هۆکاری ئاینی دەکەن لە هاوسەرگیریە پێشوەختەکەیان، بەڕێژەی ٣٠٪ ئاماژە بە تاڕادەیەك دەکەن کە ئاین کاریگەری هەبووە، بەڕێژەی ١٧٪ ئاماژە بە بەوە دەکەن ئاین کاریگەری نەبووە، لێرەدا تێدەگەین کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە پابەندە بە سەرجەم بنەماو ڕێساکانی ئاینی ئیسلامەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ڕاستە ئاینی ئیسلام

ڕێگە بە هاوسەرگیری تاكەكان دەدات بۆ دوركەوتنەوە لە كاری خراپە بەڵام تاكو كچ نەگاتە قۆناغی باڵق بوون ڕێگەی پێنادات .

**٤- هۆكاری فێركاری :**

**خشتەی ( ١١)**

**هۆكاری فێركاری هاوسەرگیری پێشوەختی لێتوێژراوان دەخاتە ڕوو**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | هۆكاری فێركاری |
|---|---|---|
| ١٧٪ | ١٢ | بۆ خۆدزینەوە لە خوێندن |
| ١٣٪ *بەنزیكەیی | ٩ | خراپیم لە وانەكانمدا |
| ١٠٪ | ٧ | خراپی مامەڵەی مامۆستاكانم |
| ٦٠٪ | ٤٢ | هیچیان |
| ١٠٠٪ | ٧٠ | كۆ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (١١)دا دەردەكەوێت بە ڕێژەی ٦٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە هیچ كام لەو هۆكارە فێركاییانە ناكەن بۆ هاوسەرگیریە پێشوەختەكەیان، بەڕێژەی ١٧٪ ئاماژە بە خۆدزینەوە لە خوێندن دەكەن، بەڕێژەی ١٣٪ ئاماژە بە خراپییان لەوانەكانیاندا دەكەن، بە ڕێژە ی ١٠٪ ئاماژە بە خراپی مامەڵەی مامۆستاكانیان دەكەن، دیارە لێتوێژراوان بەڕێژەیەكی زۆر ئاماژە بە هیچ هۆكارێكی فێركاری ناكەن كە كاریگەری هەبووبێت بۆ هاوسەرگیری پێشوەختەكەیان، هەرچەندە بەشێكی زۆر لە سەرچاوەكان ئاماژە بەكاریگەری ئەم هۆكارە دەكەن *. بەڵام دیارە لێرەدا نموونەی توێژینەوەكە لەو كەسانە وەرگیراوە كە ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ خوێندن ، لێرەدا لەوە تێدەگەین كەئەو كەسانە حەزێكیان بۆ خوێندن هەیە بەهۆی ئەوەی كە پێشتر دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بەهۆی هاوسەرگیریەكەیانەوە بوبێت یان بە هەرهۆیەك بێت لە هۆكارەكان بەڵام لە ئێستادا درێژە بەخوێندن دەدەن.

**دووەم/ كاریگەرییەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت**

**١- كاریگەری كۆمەڵایەتی**

**خشتەی ( ١٢)**

**خستنە ڕووی ئاستی پەیوەندی لێتوێژراوان لەگەڵ هاوسەرەكانیاندا**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | ئاستی پەیوەندی |
|---|---|---|
| ١٧٪*بەنزیكەی | ١٠ | باش |
| ٥٣٪ | ٣٢ | مامناوەند |
| ٣٠٪ | ١٨ | خراپ |
| ١٠٠٪ | ٦٠ ** | كۆ |

* . بڕوانە لاپەڕە ٥

** . تەنها ٦٠ لێتوێژراو ئێستا پەیوەندی هاوسەریان بەردەوامە (١٠) لێتوێژراو جیابوونەتەوەو تاك مردون وەك لە خشتەی (٢ )ڕوون بۆتەوە .

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٢)دا دەردەکەوێت کەبە ڕێژەی ٥٣٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە ئاستێکی مامناوەند لە پەیوەندیی لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەکەن، بە ڕێژەی ٣٠٪ ئاماژە بە بەخراپی پەیوەندیەکانیان دەکەن، بەڕێژەی ١٧٪ ئاماژە بە باشی پەیوەندیەکانیان دەکەن .

خشتەی ( ١٣)

خستنە ڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە بەکارهێنانی توندو تیژی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە

| بەکارهێنانی توندو تیژی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | ٧٠٪ |
| نەخێر | ١٨ | ٣٠٪ |
| کۆ | ٦٠ * | ١٠٠٪ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٣)دا دەردەکەوێت بەڕێژەی ٧٠٪ لێتوێژراوان ئاماژە بەبەکارهێنانی توندو تیژی دەکەن، بە ڕێژەی ٣٠٪ ئاماژە بەوە دەکەن توندوتیژیان بەرامبەر ناکرێت.

خشتەی ( ١٤)

خستنە ڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارە بە بەکارهێنانی جۆری توندو تیژی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە

| ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە کام جۆرە لە توندو تیژی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بێژەیی | ٢٤ | ٢٤٪ |
| سێکسی | ١٦ | ١٦٪ |
| جەستەیی | ٣٠ | ٣٠٪ |
| دەروونی | ٣٠ | ٣٠٪ |
| کۆ | ١٠٠ *** | ١٠٠٪ |

لەئەنجامەکانی خشتەی (١٤)دا دەردەکەوێت بە ڕێژەی ٣٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە بەکارهێنانی توندو تیژی جەستەیی دەکەن وهەمان ڕێژەش ئاماژە بۆ توندوتیژی دەروونی دەکەن لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە، بە ڕێژەی ٢٤٪ ئاماژە بە بەکارهێنانی توندو تیژی بیژەیی دەکەن لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە، بەڕێژەی ١٦٪ ئاماژە بەبەکارهێنانی توندو تیژی سێکسی دەکەن .

* تەنها ٦٠ لێتوێژراو لە ئێستادا پەیوەندی هاوسەریان بەردەوامە .

*** . تەنها ٤٢ کەس لەخشتەی (١٢)وەڵامیان داوە بەبەڵێ بەڵام بەهۆی ئەوەی کەلێتوێژراوان زیاتر لە وەڵامێکیان هەڵبژاردوە بووە بە ١٠٠وەڵام

خشتەی ( ١٥)

خستنە ڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە ئیرە كردن لە هاوسەرەكانیان

| وەڵامی لێتوێژراو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢ | ٪٢٠ |
| تاڕادەیەك | ٣٠ | ٪٥٠ |
| نەخێر | ١٨ | ٪٣٠ |
| كۆ | ٦٠ | ٪١٠٠ |

لە ئەنجامەكانی خشتەی (١٥)دا دەردەكەوێت بە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە تاڕادەیەك ئیرەیی دەكەن لە هاوسەرەكانیان، بەڕێژەی ٣٠٪ ئاماژە بە ئیرە نەكردن دەكەن لە هاوسەرەكانیان، بەڕێژەی ٢٠٪ ئاماژە بە ئیرەیی دەكەن لە هاوسەرەكانیان.

خشتەی ( ١٦)

خستنە ڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارە بە هۆكاری ئیرەیی لە هاوسەرەكانیان

| ئەگەر وەڵامەكەت بەڵێ یان تاڕادەیەكە هۆكارەكەی چییە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| جیاوازی تەمەن | ١٨ | ٪٢٠ |
| جیاوازی جوانی | ١٥ | ٪١٧بەنزیكەیی |
| جیاوازی بڕوانامە | ٤٥ | ٪٥٠ |
| جیاوازی تر | ١٢ | ٪١٣ |
| كۆ | ٩٠ * | ٪١٠٠ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (١٦)دا دەردەكەوێت كەبە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژاوان جیاوازی بڕوانامە بە هۆكاری ئیرەیەكەیان دەزانن، بە ڕێژەی ٢٠٪ ئاماژە بە جیاوازی تەمەن دەكەن، بەڕێژەی ١٧٪ ئاماژە بەجیاوازی جوانی دەكەن، بەڕێژەی ١٣٪ ئاماژە بە جیاوازی تر وەك( نەبوونی منداڵ، جیاوازی لە پێگەی كۆمەڵایەتی، جیاوازی لە چینی كۆمەڵایەتی، جیاوازی لە ئاستی ڕۆشنبیری ) دەكەن وەك هۆكاری ئیرەییەكەیان .

* . تەنها ٤٢ كەس لەخشتەی (١٤)وەڵامیان داوە بەبەڵێ یا تاڕادەیەك بەڵام بەهۆی ئەوەی كەلێتوێژراوان زیاتر لە وەڵامێكیان هەڵبژاردوە بووە بە ٩٠وەڵام.

**خشتەی (١٧)**

**خستنەڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت  بەشداریکردنیان لە جۆری بڕیاردان لەکاروباری خێزانیدا**

| جۆری بڕیاردان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕێکخستنی ماڵ | ٣ | ٤,٢٨٪ |
| ڕێکخستنی بودجە و خەرجیەکان | ٣ | ٤,٢٨٪ |
| چارەسەری کێشەی خێزانی | ١ | ١,٤٢٪ |
| پێویستیە سەرەکیەکانی ڕۆژانە | ١٨ | ٢٥,٧١٪ |
| هیچیان | ٣٥ | ٥٠٪ |
| هەموویان | ٧ | ١٠٪ |
| هی تر | ٣ | ٤,٢٨٪ |
| کۆ | ٧٠ ** | ١٠٠٪ بەنزیکەیی |

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٧)دا دەردەکەوێت کەبە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە هیچ  جۆرێك لە بەشداری کردن ناکەن لە بڕیار دانی خێزانیدا، بەڵام بە ڕێژەی ٢٥,٧١٪ ئاماژە بە بەشداری کردن دەکەن لەدابین کردنی پێویستیە سەرەکیەکانی ڕۆژانە، بەڕێژەی ١٠٪ ئاماژە بە شداری کردن لەهەموو جۆرەکانی بڕیاردان دەکەن، بەڕێژەی ٤,٢٨٥٪ ئاماژە بە ڕێکخستنی ماڵ  و ڕێکخستنی بودجە و خەرجیەکان  و هی تردەکەن وەك (ڕێکخستنی جل و بەرگ و دیزاینی ناوماڵ )، بەڕێژەی ١,٤٢٪ ئاماژە بە چارەسەری کێشەی خێزانی دەکەن. دیارە لێتوێژراوان بە ڕێژەیەکی زۆر ئاماژە بە هیچ جۆرێك لە بەشداری کردنی بڕیاری خێزانی ناکەن، ئەتوانین هۆکاری ئەمەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کاتێك ئەم ژنانە هاوسەرگیری پێشوەختیان کردووە توانای بڕیاردانیان نەبووە هەمیشە بۆ بارودۆخە جیاوازەکان چاوەڕێی بڕیاری هاوسەرەکانیان کردووە ئەمەش وای کردووە ببێتە نەریتێك بۆ ژیانیان کە هەمیشە بۆ هەموو کاروبارێك پشت بە هاوسەرەکانیان ببەستن .

**خشتەی ( ١٨)**

**خستنە ڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەوەی ئایا هاوسەرگیری پێشوەخت هۆکارە بۆ فرەژنی**

| وەڵامی لێتوێژراو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤ | ٢٠٪ |
| تاڕادەیەك | ٣٢ | ٤٦٪ بەنزیکەیی |
| نەخێر | ٢٤ | ٣٤٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٨)دا دەردەکەوێت کەبە ڕێژەی ٤٦٪ لێتوێژاوان ئاماژە بە تاڕادەیەك دەکەن کە هاوسەرگیری پێشوەخت هۆکار بێت بۆ فرەژنی،  ڕێژەی ٣٤٪ ئاماژە بە وە دەکەن کە هاوسەرگیری

** . لێتوێژراو زیاتر لە وەڵامێکی هەڵبژاردوە .

پێشوەخت هۆكار نیە بۆ فرە ژنی، بەرێژەی ٢٠٪ ئاماژە بەوە دەكەن هاوسەر گیری پێشوەخت هۆكارە بۆ فرە ژنی، هەروەك لە خشتەی (١٨) دادەردەكەوێت كە بەرێژەیەكی زۆر لێتوێژراوان ئاماژە بە تارادەیەك كاریگەری هاوسەرگیری پێشوەخت دەكەن بۆ فرە ژنی دیارە ئەوەش دەتوانین بگەرێنینەوە بۆ دوو هۆكار یەكەمیان بۆ ئەوەی كە ژنان بەهۆی جیاوازی پێكهاتەی جەستەیان لەگەڵ پیاواندا زوتر ماندوو دەبن زوتر پیر دەبن، ئەمە جگەلەوەی كە ژنان بە هۆی منداڵبوون و ئەركی زۆری ناوماڵ وجائەگەر كاری دەرەوەی ماڵیش بكات ئەمە زیاتر كاریگەری لە ژنان دەكات كە وەك خۆیان نەمێنەوە پیاوان بەدوای هاوسەری تردا بگەرێن، هۆكاری دووەمیش دەتوانینن بگەرێنینەوە بۆ ئەوەی كە بە شێك لە لێتوێژراوان (جیابووەن ) وەك لە خشتەی (٢) دەركەوتوە، لەكاتی پركردنەوەی راپرسیەكەدا تێبینی دەكرا كە ئەم كەسانە ئاماژەیان بەوە دەكرد كە هاوسەرەكانیان دووبارە هاوسەرگیریان كردۆتەوە.

٢- **كاریگەری فێركاری**

**خشتەی ( ١٩)**

**خستنەرووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە كاریگەری هاوسەرگیری پێشوەخت لە بەردەم تەواو نەكردنی خوێندندا**

| وەڵامی لێتوێژراو | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٩ | ٧٠٪ |
| نەخێر | ٢١ | ٣٠٪ |
| كۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (١٩) دا دەردەكەوێت كەبە رێژەی ٧٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بەوەدەكەن كە هاوسەرگیری پێشوەخت هۆكار بووە لەبەردەم تەواو نەكردنی خوێندنەكەیاندا، بە رێژەی ٣٠٪ ئاماژە بە وە دەكەن كەهاوسەرگیری پێشوەخت هۆكار نەبووە لە بەردەم تەواو نەكردنی خوێندنەكەیاندا، ئەتوانین ئەو رێژە زۆرە لە وەڵامی لتوێژراوان بگەرێنینەوە بۆ ئەوەی كاتێك هاوسەرگیری پێشوەختیان كردوە لە قۆناغەكانی سەرەتای خوێندن دابوون وەك لە خشتەی ( ٥ ) دەردەكەوێت قۆناغێكی زۆری خوێندن لە بەردەمیاندا بووە كاتێك ئەمانیش كەوتونەتە بەر بەرپرسیارێتیەكی گەورەی خێزانی توانایان نەبووە كە بچنەوەو درێژە بە خوێندن بدەن یان هاوسەرەكانیان رێگری لێكردون، هەروەك تێبینی دەكرا ئەوانەش كە وەڵامەكانیان بە نەخێر داوەتەوە پێش ئەوەی هاوسەر گیری بكەن وازیان لە خوێندن هێنابوو واتە هاوسەرگیریەكەیان هۆكار نەبووە بۆ وازهێنانیان لە خوێندن.

٣- **كاریگەری ئابوری**

**خشتەی ( ٢٠)**

**خستنەرووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەوەی ئایا كار دەكەن**

| وەڵامی لێتوێژراو | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ١٠٪ |
| نەخێر | ٦٣ | ٩٠٪ |
| كۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (٢٠) دا دەردەکەوێت کەبە ڕێژەی ٩٠٪ لێتوێژراوان ئاماژە بەوەدەکەن کە هیچ کارێك ناکەن، بە ڕێژەی ١٠٪ ئاماژە بە وە دەکەن کاردەکەن، ئەتوانین ئەو جیاوازیە لە وەڵامی لێتوێژراواندا بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەکەیان هۆکار بووە لە بەردەم تەواو نەکردنی خوێندنەکەیاندا وەك لە خشتەی (١٩) دادەرکەوتوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی نەتوانن کارێك بەدەست بهێنن بە هۆی نەبوونی بڕوانامەی زانستیەوە، لەهەمان کاتدا هەروەك خۆشیان ئاماژەیان بە هۆکاری کارنەکردنەکەیان دەدا بەوەی خەریکن بەکاری ماڵ و منداڵ بەخێوکردنەوە و بواریان بۆ کارکردن لە بازاری ئازادا نیە، ئەمە جگەلەوەی زۆربەیان ئاماژەیان بە هاوسەرەکانیان دەدا کەڕێگرن لەبەردەم کارکردنیاندا ئەمەش وائەکات نەبنە کەسێکی سەربەخۆ لە ڕووی ئابوریەوە .

## ٤- کاریگەری دەروونی

خشتەی ( ٢١)

خستنەڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەوەی ئایا هەست بە ئارامی دەروونی دەکەن

| وەڵامی لێتوێژراو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨ | ٢٦٪* بەنزیکەیی |
| تاڕادەیەك | ٢٤ | ٣٤٪ |
| نەخێر | ٢٨ | ٤٠٪ |
| کۆ | ٧٠ | ١٠٠٪ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (٢١) دا دەردەکەوێت بە ڕێژەی ٤٠٪ لێتوێژراوان هەست بە ئارامی دەروونی ناکەن، بە ڕێژەی ٣٤٪ ئاماژە بە وە دەکەن تاڕادەیەك هەست بە ئارامی دەروونی دەکەن، بەڕێژەی ٢٦٪ ئاماژە بەوە دەکەن هەست بە ئارامی دەروونی دەکەن، هۆکاری هەست نەکردنیان بەئارامی دەروونی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ ی خێزانی و خراپی باری ئابوری و مامەڵەی نەگونجاوی هاوسەرەکانیان، هەروەك تێبینی دەکرا ئەو لێتوێژراوانەش کە جیابوونەتەوە یان تاك مردوون زۆر نائارام بوون لە ڕووی دەروونیەوە .

خشتەی ( ٢٢)

خستنەڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەوەی ئایا ڕووبەڕووی كام لەم كێشە دەروونیانە دەبنەوە

| كێشەی دەروونی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەبوونی متمانە بەخود | ٢٠ | ٢٠٪ |
| خەمۆكی | ١٥ | ١٥٪ |
| هەستكردن بە شكست | ١٠ | ١٠٪ |
| خۆنەگونجاندن | ١٠ | ١٠٪ |
| دوودڵی (قلقی) | ٢٠ | ٢٠٪ |
| ڕاڕایی | ١٥ | ١٥٪ |
| هەموويان | ٥ | ٥٪ |
| هيچيان | ٥ | ٥٪ |
| كۆ | ١٠٠ * | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (٢٢) دا دەردەكەوێت كەبە ڕێژەی ٢٠٪ ی لێتوێژاوان ڕووبەڕووی نەبوونی متمانە بەخود و هەمان ڕێژەش ڕووبەڕوی دوودڵی (قلقی) بوونەتەوە، بە ڕێژەی ١٥٪ ڕووبەڕووی خەمۆكی و هەمان ڕێژەش ڕووبەڕوی ڕاڕایی بوونەتەوە، بەڕێژەی ١٠٪ ڕووبەڕووی هەستكردن بە شكست و هەمان ڕێژەش ڕووبەڕوی خۆنەگونجاندن بوونەتەوە، بەڕێژەی ٥٪ لێتوێژراوان ڕووبەڕووی هەموو ئەوكێشە دەروونیانە بونەتەوە لەهەمان كاتدا هەر بەڕێژەی ٥٪ ڕوو بەڕووی هیچ كام لەو كێشانە نەبوونەتەوە.

٥- **كاريگەری پەروەردەیی :**

خشتەی ( ٢٣)

خستنەڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە پەروەردەكردنی منداڵ

| پرسيار | بەڵێ | ڕێژەی سەدی | تاڕادەيەك | ڕێژەی سەدی | نەخێر | ڕێژەی سەدی | كۆ | كۆی ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئايا كاتت بۆ گفتوگۆ و ياريكردن لەگەڵ منداڵەكەت تەرخانكردوە | ١٦ | ٢٧٪بەنزيكەيی | ٢٤ | ٤٠٪ | ٢٠ | ٣٣٪ | ★٦٠ | ١٠٠٪ |
| ئايا يارمەتی منداڵەكەت دەدەيت لە ئامادەكرنی وانەكانی قوتابخانە | ١٩ | ٣٥٪ | ٢٥ | ٤٥٪ | ١١ | ٢٠٪ | ★٥٥ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (٢٣) دا لە وەڵامی پرسیاری ئایا كاتت بۆ گفتوگۆو یاریكردن لەگەڵ منداڵەكانتدا تەرخانكردوە، لە وەڵامدا بە ڕێژەی ٤٠٪ لێتوێژاوان ئاماژەبەوە دەكەن كەتاڕادەیەك كاتیان بۆ گفتوگۆو یاری لەگەڵ منداڵەكانیان تەرخانكردوە، بە ڕێژەی ٣٣٪ ئاماژە بە وە دەكەن كە كاتیان بۆ گفتوگۆو یاری لەگەڵ منداڵەكانیان تەرخان نەكردوە، بەڕێژەی ٢٧٪ ئاماژە بەوە دەكەن كە كاتیان بۆ گفتوگۆو یاری لەگەڵ

* . لێتوێژراو زياتر لە وەڵامێكی هەڵبژاردوە .

منداڵەکانیان تەرخانکردوە. هەروەك لەوەلامی پرسیاری یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت لە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانە، بە ڕێژەی ٤٥٪ لێتوێژاوان ئاماژە بەوە دەکەن تاڕادەیەك یارمەتی منداڵەکانیان دەدەن ، بەڕێژەی ٣٥٪ ئاماژە بە وە دەکەن یارمەتی منداڵەکانیان دەدەن لە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانە دا، بەڕێژەی ٢٠٪ ئاماژە بەوە دەکەن کە یارمەتی منداڵەکانیان نادەن لە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانە دا .

٦- **کاریگەری تەندروستی**

**خشتەی ( ٢٤)**

**خستنەڕووی وەلامی لێتوێژراوان سەبارەت بە تەندروستی منداڵ**

| پرسیار | بەڵێ | ڕێژەی سەدی | نەخێر | ڕێژەی سەدی | کۆ | کۆی ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایا منداڵت لە بارچووە | ٣٥ | ٥٠٪ | ٣٥ | ٥٠٪ | ٧٠ | ١٠٠٪ |
| ئایامنداڵەکەت باش گەشەی کردبوو (کێشی تەواو بوو) | ٢٨ | ٤٧٪بەنزیکەیی | ٣٢ | ٥٣٪ | ٦٠★ | ١٠٠٪ |
| منداڵەکەت لە تەمەنی نۆ مانگیدا لەدایك بوو | ٤٨ | ٨٠٪ | ١٢ | ٢٠٪ | ٦٠ | ١٠٠ |

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (٢٤) دا دەردەکەوێت کەبە ڕێژەی ٥٠٪ لێتوێژاوان ئاماژە بەوە دەکەن منداڵیان لە بار چووە، هەمان ڕێژەش واتە ٥٠٪ ئاماژە بە وە دەکەن کە منداڵیان لە بارنەچوە، دیارە ڕێژەی ٥٠٪ ڕێژەیەکی زۆرە بۆئەو ژنانەی هاوسەرگیری پێشوەختیان کردووە منداڵیان لە بار چوو بێت، ئەمەش وەك لە لایەنی تیۆۆرید*ا ئاماژەی پێکراوە کەیەکێکە لە کاریگەریەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت لە ڕووی تەندروستیەوە، چونکە پێکهاتەی جەستەیان کامڵ نەبووە بۆ هەڵگرتنی کۆرپەلە. سەبارەت بەگەشە کردنی منداڵ دوای لەدایك بوونی، بەڕێژەی ٤٧٪ئاماژە بەوە دەکات کە منداڵەکەیان باش گەشەی کردبوو، بەڕێژەی ٥٣٪ ئاماژە بەوەدەکەن کە منداڵی یەکەمیان دوای لەدایك بوون کێشیان کەم بووە باش گەشەیان نەکردوە، پاشان لە پرسیاریئەوەی ئایا منداڵەکەت لەتەمەنی نۆ مانگیدا لەدایك بوو، بەڕێژەی ٨٠٪ ئاماژە بەوە دەکەن کەلە تەمەنی نۆمانگی دا لەدایك بووە، بەلام بە ڕێژەی ٢٠٪ ئاماژە بەوە دەکەن کەلە تەمەنی نۆ مانگیدا لە دایك نەبوون .

* . بڕوانە بەشی ( دووەم ) لا ٩ .

خشتەی ( ٢٥)

خستنەڕووی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەوەی ئایا هاوسەرگیری پێشوەخت كام لەم كێشە تەندروستیانەی بۆ دروست كردوون

| كێشەی تەندروستی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بوونی سەرئێشە | ٢٤ | ٢٨٪ |
| بوونی ئازار لە جومگەكانی قاچ و پشت | ٢٥ | ٢٩٪ |
| هەستكردن بە ماندوو بوون بەرامبەر بە ئەركێكی كەم | ٢٠ | ٢٤٪بەنزیكەیی |
| هیچیان | ١٦ | ١٩٪بەنزیكەیی |
| كۆ | ٨٥★ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە ئەنجامەكانی خشتەی (٢٥) دا دەردەكەوێت كەبە ڕێژەی ٢٩٪ لێتوێژاوان توشی ئازار بوون لە جومگەكانی قاچ و پشت، بە ڕێژەی ٢٨٪ توشی سەرئێشە بوون، بەڕێژەی ٢٤٪ توشی هەستكردن بە ماندوو بوون بەرامبەر بە ئەركێكی كەم، بەڕێژەی ١٩٪ لێتوێژراوان توشی هیچ كام لەم كێشە تەندروستیانە نەبوون (لەپرسیارەكەدا هی تر هەبووە بەلاَم ئاماژەی پێنەدراوە ).

باسی دووەم / ئەنجامەكانی توێژینەوەكە و تاوتوێكردنی ئامانجەكان

پاش خستنە ڕووی زانیاریە ئاماریەكانی تایبەت بە(هۆكارو كاریگەریەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت )لێرەدا پێویستە ئەو دەرئەنجامانە بخرێتە ڕوو كە پەیوەستن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكە ئەوانیش بریتین لە :-

**یەكەم/** دەربارەی ئەو ئامانجەی كە دەڵێت "هەوڵدان بۆ زانینی گرنگترین هۆكاری (كۆمەلاَیەتی وئاینی و ئابوری و فێركاری ) "كە كاریگەری هەبووە لای نمونەی توێژینەوەكە تا هاوسەرگیری پێشوەخت بكەن.

١- هۆكاری كۆمەلاَیەتی: هەروەك لە خشتەكانی (٧،٨)داركەوتوە، كەلێتوێژەران خۆیان بڕیاریان نەداوە كە هاوسەرگیری پێشوەخت بكەن بەڵكو لەلایەن باوكیانەوە ئەو بڕیارە دراوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند هۆكارێك هەبوون لە گرنگترینیان، ترسان لە دواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و پاراستنی ناوو ناوبانگ و چاولێكەری كەسە نزیكەكان.

٢-هۆكاری ئاینی: وەك لە خشتەی (٩) دا دەركەوتوە یەكێكی تر لەو هۆكارانەی كە كاریگەری هەبووە لەسەر لێتوێژراوان كە هاوسەرگیری پێشوەخت بكەن هۆكاری ئاینیە، ئەویش لە پێناو پاراستنی ئاكار و دوركەوتنەوە لە خراپەكاری و دروستكردنی ماڵێكی ئارام.

٣-هۆكاری ئابوری: وەك لەخشتەی (٩)دەركەوتووە كە هەژاری خێزانی لێتوێژراوان هۆكارێكی سەرەكی بووە بۆ ئەوەی كە هاوسەرگیری بكەن .

٤-هۆکاری فێرکاری: وەك لە خشتەی (١٠)دەرکەوتوە کە هیچ هۆکارێکی فێرکاری هۆکار نەبووە بۆ هاوسەرگیری پێشوەختی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە .

**دووەم/** دەربارەی ئەو ئامانجەی کەدەڵێت "هەوڵدان بۆ زانینی گرنگترین کاریگەرییە (کۆمەلأیەتی و فێرکاری و ئابوری و دەروونی و پەروەردەیی و تەندروستیەکانی) هاوسەرگیری پێشوەخت لای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە .

١-کاریگەرییە کۆمەلأیەتیەکان: وەك لە خشتەی (١٢) دەرکەوتوە کە پەیوەندی لێتوێژراوان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە ئاستێکی مامناوەندایە، لەخشتەی (١٣) دەرکەوتوە کە لێتوێژراوان ڕووبەڕووی توندو تیژی دەبنەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە لەگرنگترین جۆری ئەو توندو تیژیانەش لەخشتەی (١٤) دەرکەوتووە، توندو تیژی دەروونی و جەستەیی لەلایەن مێردەکانیانەوە بەرامبەریان ئەنجام دراوە، سەبارەت بە ئیرە کردن لە هاوسەرەکانیان لە خشتەی (١٥) دەرکەوتوە کە لێتوێژراوان تاڕادەیەك ئیرە لە هاوسەرەکانیان دەکەن هۆکاری ئەوەش لە خشتەی (١٦)دا دەیگەڕێنەوە بۆ جیاوازی بڕوانامە، سەبارەت بە بڕیارە خێزانیەکان لە خشتەی (١٧) دا دەرکەوتوە لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداری لە هیچ بڕیارێکی خێزانیدا ناکەن، هەروەها لەخشتەی (١٨)دا لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە تاڕادەیەك هاوسەرگیری پێشوەخت هۆکارە بۆ فرە ژنی.

٢-کاریگەری فێرکاری: وەك لە خشتەی (١٩)دەرکەوتوە کە لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە هاوسەرگیری پێشوەخت ڕێگر بووە لە بەردەم تەواو کردنی خوێندنەکەیاندا و نەیان توانیوە درێژە بە خوێندن بدەن.

٣-کاریگەری ئابوری: لەخشتەی (٢٠)دەرکەوتوە لێتوێژراوان لە ئێستادا هیچ کارێك ناکەن، هەروەك لە زانیاریە گشتیەکانیشدا لە خشتەی ( ٣ )دەرکەوتوە کە باری داراییان لە ئاستێکی خراپدایە.

٤-کاریگەری دەروونی: لەخشتەی( ٢١) دەردەکەوتوە کە لێتوێژراوان هەست بە ئارامی دەروونی ناکەن، سەبارەت بەجۆری ئەو کێشە دەرونیانەی کە لێتوێژراوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەخشتەی (٢٢) لێتوێژراوان ڕووبەڕووی کێشەی نەبوونی متمانە بەخود و دوو دڵی (قلقی) دەبنەوە .

٥-کاریگەری پەروەردەیی: لەخشتەی (٢٣)لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە تاڕادەیەك کاتیان بۆ گفتوگۆ و یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانیاندا تەرخان کردووە، هەر لەهەمان خشتەدا دەرکەوتووە کە تاڕادەیەك یارمەتی منداڵەکانیان دەدەن لە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانەیاندا.

٦-کاریگەری تەندروستی: لە خشتەی (٢٤)دا دەرکەوتوە کە نیوەی لێتوێژراوان واتە بە ڕێژەی ٥٠٪منداڵیان لە بار چووە، لەهەمان کاتدا بە ڕێژەی ٥٠٪ منداڵییان لە بار نەچووە، هەروەها لەهەمان خشتەدا لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێك منداڵی یەکەمیان لە دایك بوو باش گەشەی نەکردووە واتە (کێشی)کەم بووە، هەر لەهەمان خشتەدا لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن منداڵەکانیان لە نۆ مانگیدا لە دایك بووە. هەرسەبارەت بە کاریگەرییە تەندروستیەکان لە خشتەی (٢٥) دەرکەوتوە کەلێتوێژراوان توشی ئازاری جومگەکانی قاچ و پشت بوون .

**باسی سێیەم / ڕاسپاردەكان**

بەمەبەستی نەهێشتنی یاخود كەمكردنەوەی دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەختی كچان لە كۆمەڵگەی كوردیدا، بە پێویستی دەزانین چەند ڕاسپاردەیەك ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداربكەین تاوەكو بەهەمووان هەوڵ بۆ بناغەی بنیاتنانی كۆمەڵگا بە پتەوی بنێین ئەوانیش بریتین لە :-

١-پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگای ڕێكخراو و ناوەندە جیاوازەكانەوە خولی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ خێزانەكان ساز بكات، بە مەبەستی وشیار كردنەوەیان لە چۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵ منداڵە هەرزەكارەكانیاندا، تاكو نەگەنە تەمەنێكی گونجاو هاوسەرگیری بە منداڵەكانیان بەگشتی وكچەكانیان بەتایبەت نەكەن لەپێناو دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی خۆشگوزەران.

٢-پێویستە لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەرجەم ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاكانی ڕاگەیاندن كاربۆ بەرۆشنبیركردنی یاسایی سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگا بكرێت بۆئەوەی سەرجەم تاكەكان بەماف و ئەركە یاساییەكانیان ئاشنا بن.

٣-پێویستە سەرجەم دەزگاكانی ڕاگەیاندن كار بۆوشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگا بكەن لەڕێگەی شیكردنەوەو خستنە ڕووی كاریگەرییە نەرێنیەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت.

٤- پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگای ڕێكخراو و ناوەندە جیاوازەكانەوە كار بۆ وشیاركردنەوەو رۆشنبیری تاكەكانی كۆمەڵگا بكات ئەویش بە هاندانیان بۆ بەكلتوركردنی خوێندنەوە، چونكە خوێندنەوە دەروازەیەكی بە رفراوانە بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاری تاك.

٥- پێویستە لە سەر سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان بە پرۆژەیاسای هەمواركراوی باری كەسیدا بچنەوەو برگەی هاوسەرگیری كردنی تەمەنی شانزەساڵی بە مەرجی لێلابرێت و سەروی تەمەنی هەژدەساڵی بكرێتە مەرجی سەرەكی بەهۆی خراپی ئەو دەرئەنجامانەی كەلە هاوسەرگیری پێشوەخت دەكەوێتەوە.

٦- پێویستە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بەو بابەتانە بدات كە پەیوەندی بە بابەتی خێزانیەوە هەیە لە نێو پرۆگرامەكانی خوێندندا جێگەی تایبەتیان بۆ بكاتەوە، چونكە زۆر گرنگە كەتاكی كۆمەڵگا لە ڕێگەی خوێندنەوە فێری خێزانداری دروست بكرێت.

## سەرچاوەکان

**یەکەم :** القران الكريم، سورة النور، الاية ٣٢.

**دووەم : کتێبە عەرەبییەکان**

١- احسان محمد الحسن( الدكتور)، الموسوعة العلم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩.

٢- احمد زكى بدوى( الدكتور)، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية مكتبة لبنان، بيروت،١٩٧٧.

٣- سامية حسن الساعاتي ( الدكتور)، الاختيار للزواج والتغيرالاجتماع، ط١، دارالنجاح، بيروت، ١٩٨١.

٤- سناء الخولى، الزواج و العلاقات الاسرية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية،١٩٨٥.

٥- الشيخ ابراهيم الاميني، كتاب الزواج وفنون اختيار الشريك، ط١، دار التعارف للمطبوعات، بغداد، ١٩٩٤.

٦- عبد الرحمن محمد ابو عمة و أخرون( الدكتور) ، مقدمة فى المعانية الاحصائية،دار المربع للنشر،الرياض،السعودية ، بدون سنة الطبع.

٧- عبدالباسط محمد الحسن، أصول البحث الاجتماعى، الطبعة الثالثة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة،١٩٧١.

٨- عبدالحميد: طهماز( الدكتور)، الفقه الحنفي فيثوبه الجديد، ج٢،ط٣، دارالسلام ،١٩٨٧.

٩- عبدالعزيز عبد المختار( الدكتور)، طروق البحث للخدمة الاجتماعية ،دار المعرفة الجامعية، بدون مكان الطبع، ١٩٩٥.

١٠- عقيل حسين عقيل، فلسفة مناهج البحث العلمى، مكتب مدبولى، القاهرة، مصر،١٩٩٩.

١١- على القائيمى( الدكتور)، الاسرة و قضايا الزواج، ط١، دار النبلاء، بيروت،١٩٩٤.

١٢- فوزي خميس واخرون، الحملة الوطنية لحماية القاصرات من الزواج المبكر، بدون المطبعة، بيروت، ٢٠١٤.

١٣- فوزية دياب( الدكتور) ، القيم والعادات الاجتماعية، ط١، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١.

١٤- محمد سيد فهمى( الدكتور)، التشريعات الاجتماعية((الاسرة،الطفل،المعاقينالعمل،الاحداث))، ط١، دار الوفاءلدنياالطباعة والنشر،٢٠٠٧.

١٥- مصطفى القضاة( الدكتور) ، التبكير في الزواج والاثار المترتبة عليه، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد٢٦، العددالاول، ٢٠١٠.

١٦- مليحة عونى القصيرود.معن خليل عمر( الدكتور)، المدخل الى علم الاجتماع، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعة البغداد، بدون سنة.

١٧- مليحة عوني القصير و د.صبيح عبدالمنعم احمد، علم الاجتماع العائلة، ط١، مطبعة جامعة بغداد، بغداد،١٩٨٤.

١٨- ميسون بنت علي الفايز( الدكتور)، زواج الضغيرات، مركز الابحاث الواعدة في البحوث الاجتماعية ودراسات المرأة، بدون مكان الطبع، ٢٠١٢.

١٩- نسيم الخورى( الدكتور) ، العلاقات الزواجية- مقاربة نفسية واجتماعية ، ط١، دار المنهل اللبنانى، بيروت، ٢٠٠٨.

**سێیەم : كتێبە كوردییەكان**

٢٠- سابیر بكر بۆكانی( دكتۆر)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بلاّوكردنەوەی چوار چرا،سلێمانی، ٢٠١٦.

**چوارەم : كتێبە ئینگلیزییەكان**

٢١- Wellesley Centers for Women: Child Marriage and the law division of policy and planing, ٢٠٠٨.

٢٢- Human Development Resource Centre : The impact of girls, education on early marriage, U.K, ٢٠١١.

٢٣- U.N: Report on Causes and Consequences of Early Marriage in Amhara Region in Athiubia, Pathfinder in international Center, Adisababa, ٢٠٠٦.

**پێنجەم : یاساكان**

٢٤- یاسای باری كەسیەتی ژمارە(١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان-عێراق، یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨).

**شەشەم : نامە زانستییەكان**

٢٥- تەلار ئەحمەد مستەفا ،دەسەلاّتی بڕیاردان لە خێزانی كوردیدا توێژینەوەیەكی مەیدانیە لەشاری سلێمانی ،(نامەی ماستەر بلاّونەكراوە)، بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٦- رجاء راتب معروف شهوان، وجهة نظر سكان محافظة قلقيلية فى الزواج المبكر الاناث، رسالة ماجستير منشورة، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية،٢٠١٢.

**حەوتەم : سەرچاوە ئەلكترۆنییەكان**

٢٧- ابوياسين، الزواج المبكر، اسبابه ونتائجه الصحية والاجتماعية، ٢٠١٠، انظر على الموقع الالكتروني http://almghfera.ahlamontada.com/t٣٠١٩-topic#ixzz٣pQAsKIUI

**هەشتەم : ڕاگەیاندن**

٢٨- چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ سامان سیوەیلی، هۆكارەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت، ئێوارەی nrt٢، ٢٠١٦/٣/٣١.

## پاشکۆی (١)

## بۆچونی شارەزایان سەبارەت بە فۆرمی ڕاپرسی

بەڕێز..............................................

ئامانجی ئەم فۆرمی ڕاپرسی یە بەدەست هێنانی زانیاری یە سەبارەت بە(( هۆکارو کاریگەرییەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت ))، بەڕێزان لەئەنجامی ئەو توانست و شارەزاییانەی بەڕێزتان لەبواری زانست دا، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە هاوکاریمان بکەن سەبارەت بە بڕگەکانی فۆرمی راپرسی بۆ دیاری کردنی پەسەندی و ناپەسەندی گۆڕانکاری یاخود هەر زیادکردنێك لە بڕگەکاندا ئەگەر پێویست بکات.

تێبینی

- تکایە (ناوی سیانی، پسپۆری ، ناونیشانی زانستی ، پۆستی ئیداری) دەکەت بنوسە

لەگەڵ ڕێزدا

سوپاسی بێپایانمان بۆ هاوکاریتان

توێژەر
تارا محمود سلێمان

توێژەر
شۆخان محمود حسێن

| | بڕگەکان | پەسەندە | پەسەند نیە | گۆڕانکاری | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| | زانیاری گشتی | | | | |
| ١ | تەمەن :(    ) ساڵ | | | | |
| ٢ | ئاستی بژێوی :باش (   ) زۆرباش (  )  ناوەند (  ) خراپ (  ) زۆرخراپ (  ) | | | | |
| ٣ | باری خێزانی : سەڵت (   ) خێزاندار (  ) جیابووەوە(    ) | | | | |
| ٤ | شوێنی نیشتەجێ بوون<br>ناوشار (  ) قەزا (  )  شارەدێ (  ) لادێ(  ) | | | | |
| ٥ | لەچ تەمەنێك هاوسەرگیریت کرد (      )ساڵ | | | | |
| ٦ | ئاستی خوێندەواری :نەخوێندەوار(  ) ئەخوێنێ و ئەنوسێ(  ) سەرەتایی(   ) ناوەندی(  ) ئامادەیی (  ) | | | | |
| | زانیاری تایبەت / هۆکارەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت | | | | |
| ٧ | خۆت بڕیارتدا  هاوسەرگیری بکەیت ؟<br>بەڵێ (  )              نەخێر (  ) | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | هۆكاری هاوسەرگیری پێشوەختەكەت لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە بۆ كام لەمانە دەگێڕیتەوە ؟<br>بەهۆی پاراستنی ناو ناوبانگ و ئابڕو ( )باوەڕبوون بە نسیب لەیەكەم داواكاری دا ( )بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی لە خێزانەكەم ( )چاولێكەری كەسەنزیكەكانم كە هاوسەرگیریان كردبوو ( )بۆ بەدەستهێنانی خۆشی و خۆش گوزەرانی ( ) زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانەكەم ( ) بۆ بەردەام بوونی ڕەگەزو خستنەوەی وەچە ( ) بەهۆی بوونی پەیوەندی خۆشەویستی ( ) بەهۆی وابەستە بوون بەداب و نەریت و بەهاكانی خێزانەكەم( ) ترسان لەدواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری( )كاریگەری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ( ) هەموویان( ) هۆكاری تر( ) | | | | |
| ٩ | فاكتەری ئابوری كاریگەری هەبوو لەهاوسەرگیریەكەت ؟<br>بەڵێ ( ) تاڕادەیەك نەخێر ( ) | | | | |
| ١٠ | وەلامەكەت بەڵێ یان تاڕادەیەكە هۆكارەكەی بۆكام لەمانەی خوارەوە دەگێڕیتەوە؟<br>بەهۆی هەژاری خێزانەكەمەوە( )بەهۆی دەوڵەمەندی هاوسەرەكەم و خێزانەكەیەوە ( )لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە دارایەكانی خێزانەكەم ( )هەموویان ( ) هۆكاری تر ( ) | | | | |
| ١١ | كام لەم هۆكارە فێركاریانە كاریگەری هەبوو بۆ هاوسەرگیریەكەت ؟ بۆخودزینەوە لەخوێندن ( ) بەهۆی خراپیم لەوانەكانم لە قوتابخانە ( ) هەمویان ( ) هیچیان ( ) هۆكاری تر( ) | | | | |
| ١٢ | پەیوەندی خێزانیت لەگەڵ هاوسەرەكەتدا چۆنە ؟<br>زۆرباش( ) باش ( ) مامناوەند( ) خراپ( ) زۆر خراپ( ) | | | | |
| ١٣ | لەژیانی هاوسەریت ڕازیت؟<br>بەڵێ( ) تاڕادەیەك ( ) نەخێر ( ) | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ئایا هاوسەرەکەت توندوتیژی بەرامبەر کردویت ؟<br>بەڵێ( )　تاڕادەیەك ( )　نەخێر ( ) | | | | |
| ١٥ | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە چ جۆرێك لە توندوتیژی لەگەڵدا ئەنجام داوی؟<br>بێژەیی( ) سێکسی( ) جەستەیی( ) دەروونی( ) | | | | |
| ١٦ | ئایا ئیرەیی لە هاوسەرەکەت دەکەیت ؟<br>بەڵێ( )　تاڕادەیەك ( )　نەخێر ( ) | | | | |
| ١٧ | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یان تاڕادەیەکە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ جیاوازی تەمەن( ) جیاوازی جوانی( ) جیاوازی بڕوانامە ( ) جیاوازی تر | | | | |
| ١٨ | ئایا بەشداری لەگەڵ هاوسەرەکەتدا دەکەیت لە بڕیاردان ـــەبارەت بەخێزانەکەتان؟ بەڵێ ( ) تاڕادەیەك ( ) ەخێر ( ) | | | | |
| ١٩ | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یان تاڕادەیەکە لەچ جۆرێك لە باردانا بەشداری دەکەیت؟<br>ڕێکخستنی ماڵ( ) ڕێکخستنی ژیانی مادی( ) چارەسەری ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خێزان دەبێتەوە( ) پێویستیەکانی ماڵ ( ) هەموویان ( ) هیتر ( ) | | | | |
| ٢٠ | پشتگیری لە هاوسەرگیری پێشوەخت دەکەیت ؟<br>بەڵێ( )　تاڕادەیەك ( )　نەخێر ( ) | | | | |
| ٢١ | ئایا هاوسەرگیری پێشوەخت هۆکارە بۆ فرە هاوسەری ؟<br>بەڵێ( )　تاڕادەیەك( )　نەخێر ( ) | | | | |
| ٢٢ | ئایا هاوسەرگیریەکەت ڕێگر بوو لە تەواو کردنی خوێندنەکەت ؟ بەڵێ( )　نەخێر ( ) | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | ئایا هاوسەرگیری پێشوەخت ئەبێتە هۆی زیاد بوونی بێكاری و هەژاری ؟بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( ) | | | | |
| ٢٤ | هەست بەئارامی دەروونی دەكەیت؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك ( ) نەخێر ( ) | | | | |
| ٢٥ | ڕووبەڕووی كام لەم حاڵەتانە دەبیتەوە ؟ نەبوونی متمانە بەخود( ) هەستكردن بەشكست( ) دورەپەرێزی ( ) خەمۆكی( ) خۆنەگونجاندن ( ) هەموویان ( ) دودڵی( قلقی )( ) ڕاڕایی ( ) هیچیان ( ) هیتر( ) | | | | |
| ٢٦ | ئایا هاوسەرگیریەكەت لەڕووی تەندروستیەوە كاریگەری لەسەر كام لەمانەی خوارەوە هەبووە؟ بوونی سەرئێشە( ) بوونی ئازار لەجومگەكانی قاچ وپشت ( ) هەستكردن بە ماندووبونێكی زۆر بەرامبەر بە ئەركێكی كەم ( ) هەموویان ( ) هیچیان ( ) هیتر ( ) | | | | |
| | ئەگەر منداڵت هەیە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە | | | | |
| ٢٧ | كاتت بۆ گفتوگۆو یاری لەگەڵ منداڵەكانتدا تەرخان كردوە؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( ) | | | | |
| ٢٨ | یارمەتی منداڵەكانت دەدەیت لە ئامادەكردنی وانەكانی قوتابخانە ؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( ) | | | | |
| ٢٩ | منالەكەت لە نۆ مانگی دا لەدایك بوو؟ بەڵێ( ) نەخێر ( ) | | | | |
| ٣٠ | كەمنداڵەكەت لەدایك بوو باش گەشەی كردبوو ( واتە كێشی تەواو بوو) ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( ) | | | | |

پاشکۆی ( ٢ )

زانکۆی سلێمانی ژمارەی فۆرم ( )

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان-بەشی کاری کۆمەڵایەتی بەروار :

شوێن:

**هۆکارو کاریگەرییەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت**

**توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە خوێندگاکانی ئێوارانی کچان لە شاری سلێمانی**

بەڕێزان سلاو............

ئەم فۆرمەی کەلەبەردەستدایە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەکاردێت، تکایە لەکاتی پڕکردنەوەیدا ئاگاداری تێبینیەکانی خوارەوەبە، هاوکاریت خزمەتێکی گەورەیە بە توێژینەوەی زانستی .

تێبینیەکان:

١- ئەم فۆرمە تایبەتە تەنها بەو ژنانەی کە هاوسەرگیری پێشوەختیان کردوە .
٢- پێویست بەناونوسینی خۆت ناکات.
٣- هێمای ( √ ) لە جێگای وەڵامە هەڵبژێراوەکەت دابنێ.

لەگەڵ ڕێزی توێژەران بۆ هاوکاریتان

تارا محمود سلێمان شۆخان محمود حسێن

**زانیاری گشتی**

١- تەمەن: ( )
٢- باری خێزانی : خێزاندار ( ) جیابووە( ) تاك مردوو( )
٣- ئاستی بژێوی :باش ( ) زۆرباش ( ) ناوەند ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )
٤- لەچ تەمەنێك هاوسەرگیریت کرد ( )ساڵ
٥- ئاستی خوێندەواری : نەخوێندەوار( ) ئەخوێنێ و ئەنوسێ( ) سەرەتایی( ) ناوەندی( ) ئامادەیی ( )
٦- شوێنی نیشتەجێ بوون: ناوشار( ) قەزا ( ) ناحیە( ) گوند ( )

**زانیاری تایبەت**

**یەکەم : هۆکارەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت**

٧- کێ بڕیاری هاوسەرگیری بۆ دایت ؟ ( )

٨- هۆکاری هاوسەرگیری پێشوەختەکەت لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بۆ کام لەمانە دەگێڕیتەوە ؟

بەهۆی پاراستنی ناو ناوبانگ و ئابڕو ( )باوەڕبوون بە نسیب لەیەکەم داواکاری دا ( )بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی لە خێزانەکەم ( )چاولێکەری کەسەنزیکەکانم کە هاوسەرگیریان کردبوو ( )بۆ بەدەستهێنانی خۆشی و خۆش گوزەرانی ( ) زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەم ( ) بۆ بەردەام بوونی ڕەگەزو خستنەوەی وەچە ( )

بەهۆی بوونی پەیوەندی خۆشەویستی ( ) بەهۆی وابەستە بوون بەداب و نەریت و بەهاكانی خێزانەكەم( ) ترسان لەدواكەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری( )كاریگەری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ( ) هەموویان ( ) هۆكاری تر ( )

٩- كام لەم فاكتەرە ئابوریانە كاریگەری هەبوو بۆ هاوسەرگیریەكەت ؟

بەهۆی هەژاری خێزانەكەمەوە( )بەهۆی دەوڵەمەندی هاوسەرەكەم و خێزانەكەیەوە ( )لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە دارایەكانی خێزانەكەم ( )هەموویان ( ) هۆكاری تر ( ) هیچیان( )

١٠- ئایا فاكتەری ئاینی كاریگەری هەبوو بۆ هاوسەرگیری پێشوەختەكەت ؟بەڵێ ( ) تاڕادەیەك ( ) نەخێر ( )

١١-كام لەم هۆكارە فێركاریانە كاریگەری هەبوو بۆ هاوسەرگیریەكەت ؟

بۆخودزینەوە لەخوێندن ( ) بەهۆی خراپیم لەوانەكانم لە قوتابخانە ( ) هەمویان ( ) هیچیان ( )هۆكاری تر( )

**دووەم / كاریگەریەكانی هاوسەرگیری پێشوەخت لای كچان**

١٢-پەیوەندی خێزانیت لەگەڵ هاوسەرەكەتدا لە چ ئاستێكدایە ؟ باش ( ) مامناوەند( ) خراپ( )

١٣- ئایا هاوسەرەكەت توندوتیژی بەرامبەر كردویت ؟بەڵێ( ) تاڕادەیەك ( ) نەخێر ( )

١٤-ئەگەر وەڵامەكەت بەڵێ یە چ جۆرێك لە توندوتیژیت لەگەڵدا ئەنجامدراوە ؟

بێژەیی( ) سێكسی( ) جەستەیی( ) دەروونی( )

١٥-ئایا ئیرەیی لە هاوسەرەكەت دەكەیت ؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك ( ) نەخێر ( )

١٦- ئەگەر وەڵامەكەت بەڵێ یان تاڕادەیەكە هۆكارەكەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

جیاوازی تەمەن( ) جیاوازی جوانی( ) جیاوازی بڕوانامە ( ) جیاوازی تر

١٧- لەچ جۆرێك لە بڕیاردانانی خێزانەكەتدا بەشداری دەكەیت؟

ڕێكخستنی ماڵ( ) ڕێكخستنی ژیانی مادی( ) چارەسەری ئەو كێشانەی ڕووبەڕووی خێزان دەبێتەوە( ) پێویستیەكانی ماڵ ( ) هەمویان ( ) هیتر ( ) هیچیان( )

١٨- ئایا هاوسەرگیری پێشوەخت هۆكارە بۆ فرە ژنی ؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

١٩-ئایا هاوسەرگیریەكەت ڕێگر بوو لە تەواو كردنی خوێندنەكەت ؟ بەڵێ( ) نەخێر ( )

٢٠-ئایا كار دەكەی ؟بەڵێ( ) نەخێر ( )

٢١-هەست بەئارامی دەروونی دەكەیت؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك ( ) نەخێر ( )

٢٢- ڕووبەڕووی كام لەم حاڵەتانە دەبیتەوە ؟ نەبوونی متمانە بەخود( ) هەستكردن بەشكست( ) دورەپەرێزی ( ) خەمۆكی( ) خۆنەگونجاندن ( ) هەمویان ( ) دودڵی( قلقی )( ) ڕاڕایی ( ) هیچیان ( ) هیتر( )

٢٣- ئایا هاوسەرگیریەكەت لەڕووی تەندروستیەوە كاریگەری لەسەر كام لەمانەی خوارەوە هەبووە؟

بوونی سەرئێشە( ) بوونی ئازار لەجومگەكانی قاچ وپشت ( ) هەستكردن بە ماندووبونێكی زۆر بەرامبەر بە ئەركێكی كەم( ) هەمویان ( ) هیچیان ( ) هیتر ( )

- ئەگەر منداڵت هەیە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە

٢٤-كاتت بۆ گفتوگۆو یاری لەگەڵ منداڵەكانتدا تەرخان كردوە ؟ بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

٢٥- یارمەتی منداڵەکانت دەدەیت لە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانە ؟بەڵێ(   ) تاڕادەیەك(   ) نەخێر (   )

٢٦- مناڵەکەت لەتەمەنی نۆ مانگی دا لەدایك بووە؟ بەڵێ(  ) نەخێر (   )

٢٧- منداڵت لەبار چووە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٢٨- کەمنداڵەکەت لەدایك بوو باش گەشەی کردبوو ( واتە کێشی تەواو بوو) ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

پاشکۆی ( ٣ )

ڕای شارەزاو پسپۆران لە سەرڕاستی فۆرمی ڕاپرسی ڕوون دەکاتەوە

| ژ | ناوی پسپۆران | بواری پسپۆری | بڕگە پەسەندکراو | بڕگەی پەسەند نەکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.رزگار مصطفی غفور | کاری کۆمەڵایەتی | ٢٩ | ١ | ٩٦.٦٪ |
| ٢ | د.ژیا عباس قادر | کاری کۆمەڵایەتی | ٢٨ | ٢ | ٩٣.٣٪ |
| ٣ | د.کوردستان عمر | کاری کۆمەڵایەتی | ٢٨ | ٢ | ٩٣.٣٪ |
| ٤ | د.لقمان صالح کەریم | کاری کۆمەڵایەتی | ٢٨ | ٢ | ٩٣.٣٪ |
| کۆی گشتی | | | ١١٣ | ٧ | ٩٤٪ |

ژمارەی گشتی پرسیاری ڕاپرسیەکە (٢٨ ) بڕگە و ژمارەی شارەزایان و پسپۆران (٤)

کۆی گشتی بڕگەکان = ژمارەی بڕگەکان × ژمارەی شارەزاکان ( ٢٨ × ٤ = ١١٢

ژمارەی بڕگە پەسەند کراوەکان = ١١٣ ، ژمارەی بڕگە پەسەند نەکراوەکان = ٧

ڕێژەی سەدی ڕاسگۆییەکە = ژمارەی بڕگە پەسەند کراوەکان ÷ ژمارەی گشتی بڕگەکان × ١٠٠،

ڕێژەی سەدی ١١٣÷ ١١٢ × ١٠٠ = ١٠٠٪

## کورتەی توێژینەوە

**(هۆکارو کاریگەریەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت / توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە خوێندنگاکانی ئێوارانی کچان لەشاری سلێمانی)**

ئامـانجی توێژینەوەکـە زانینـی هەریەکـە لـەهۆکارەکانی (کۆمەڵایـەتی، ئـاینی، ئـابوری، فێرکاری)یـەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە وزانینـی گـرنگترین کاریگەریـە نەرێنیـە (کۆمەڵایـەتی، فێرکـاری و ئـابوری، پـەروەردەیی، دەروونی، وتەندروستی)یەکانی هاوسـەرگیری پێشوەختە و کێشـەی توێژینەوەکـە کـورت دەکەینـەوە بۆپرسـیارێك، ئەویش ( ئایا هۆکارو کاریگەریەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت چین؟)

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە خـۆی لەخسـتنەڕووی هۆکـارو گاریگەرییـەکانی هاوسـەرگیری پێشـوەختدا دەبینێتـەوە، ئـەویش بەپشـت بەسـتن بـەداتاو ئامـاری زانسـتی وهەوڵـدانی زیـاتر بـۆڕێگریکردن لـەم دیاردەیـە لەڕێگەی ئـەو ئـەنجام و ڕاسـپاردانەی لـەم توێژینەوەیـەدا دەخرێتـە ڕوو، کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـەدانانی پلانـی ڕێگریکردن لەم دیاردەیە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە.

جـۆری توێژینەوەکـە توێژینەوەیـەکی وەسـفیە ومیتـۆدی ڕووپێـوی کۆمەڵایـەتی بـەکارهاتووە، هـەروەها ئامرازەکـانی (فـۆرمی ڕاپرسـی وتێبینـی) بـەکارهاتوون بۆکۆکردنـەوەی زانیاریـەکان. کۆمـەڵگای توێژینەوەکـە پێکهاتووە لەسەرجەم ئەو ژنانەی کەهاوسەرگیری پێشوەختیان کـردووە ولەئێستادا خوێنـدکارن لەخوێنـدنگاکانی ئێوارانی کچان لەسنووری پەروەردەی ڕۆژئاوا کەژمارەیان (٧٠)کەسە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

١- لێتوێژەران خۆیان بڕیاریان نەداوە کە هاوسەرگیری پێشوەخت بکەن، بـەڵکو لەلایـەن باوکیانـەوە ئـەو بڕیـارە دراوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا چـەند هۆکارێـك هـەبوون لـە گرنگترینیـان: ترسـان لـە دواکـەوتنی پرۆسـەی هاوسـەرگیری و پاراسـتنی نـاوو ناوبـانگ و چاولێکەری کەسـە نزیکـەکان. یـەکێکی تـر لـەو هۆکارانـەی کـە کاریگەری هەبووە لەسەر لێتوێـژراوان کـە هاوسـەرگیری پێشوەخت بکـەن هۆکـاری ئاینیـە ئـەویش لـە پێنـاو پاراسـتنی ئاکـار و دورکەوتنـەوە لـە خراپـەکاری و دروسـتکردنی مـاڵێکی ئـارام، هـەروەها هـەژاری خێزانـی لێتوێژراوان هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی کە هاوسەرگیری بکەن .

٢- پەیوەنـدی لێتوێـژراوان لەگـەڵ هاوسـەرەکانیاندا لـە ئاسـتێکی مامناوەندایـە، لێتوێـژراوان ڕووبـەڕووی تونـدو تیژی دەبنەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە لەگرنگترین جۆری ئەو توندو تیژیانـەش تونـدو تیـژی دەروونـی و جەسـتەییە کەلەلایـەن مێردەکانیانـەوە بەرامبـەریان ئـەنجام دەدرێـت، هـەروەها سـەبارەت بـە بڕیـارە خێزانیەکان لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداری لە هیچ بڕیارێکی خێزانیدا ناکەن.

٣- لێتوێـژراوان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە هاوسـەرگیری پێشـوەخت ڕێگـر بـووە لـە بـەردەم تـەواو کردنـی خوێندنەکەیاندا و نەیان توانیوە درێژە بە خوێندن بدەن.

٤- لێتوێژراوان لە ئێستادا هیچ کارێك ناکەن و باری داراییان لە ئاستێکی خراپدایە.

٥- لێتوێژراوان هەست بـە ئـارامی دەروونـی ناکـەن، سـەبارەت بـەجۆری ئـەو کێشـە دەرونیانـەی کـە لێتوێـژراوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، وەك کێشەی نەبوونی متمانە بەخود و دوو دڵی (قلقی).

٦- نیوەی لێتوێژراوان واتە بە ڕێژەی ٥٠٪ منداڵیان لە بار چووە، هەروەها لێتوێژراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێك منداڵی یەکەمیان لە دایك بووە باش گەشەی نەکردووەو ئاماژەش بەوە دەکەن منداڵەکانیان لە نۆ مانگیدا لە دایك بووە، هەروەها توشی ئازاری جومگەکانی قاچ و پشت بوون.


## ملخص البحث

### عوامل وتأثيرات الزواج المبكر / بحث ميداني في المدارس المسائية للبنات في مدينة السليمانية

ان هدف البحث هومعرفة العوامل ( الأجتماعية، الدينية، الأقتصادية، التعليمية) التي تؤدي الى الزواج المبكر ومعرفة أهم التأثيرات السلبية ( الأجتماعية، التعليمية والأقتصادية، التربوية، النفسية، الصحية) للزواج المبكر.

تتبلور مشكلة البحث باختصار في السؤال الرئيسي هو (ماهي عوامل وتأثيرات الزواج المبكر؟)

تمكن اهمية هذا البحث في عرض عوامل وتأثيرات الزواج المبكر، وهذا استنادا الى البيانات والوسائل الاحصائية العلمية والسعي لمنع هذه الظاهرة من خلال الاستنتاجات والتوصيات التي يقدمها هذا البحث، ولذي يتمثل في وضع الخطط لمنع انتشار هذه الظاهرة من قبل الجهات المعينة.

قامت الباحثتان باستخدام منهج (مسح الأجتماعي)، وكذلك وسائل ( قائمة الاستبيان والملاحظة) لجمع المعلومات.

ويتكون مجتمع البحث من النساء اللواتي تزوجن في وقت المبكر وعدن الى الدراسة بعد الزواج، في المدارس المسائية للبنات في حدود تربية غرب السليمانية والبالغ عددهن (٧٠) طالبة.

**نتائج البحث:**

١-ان المبحوثات لم يقررن الزواج المبكر من عند انفسهن، بل اتخذ القرار من قبل ابائهن، ولكن مع ذلك كانت هناك عوامل اخرى من اهمها: الخوف من تأخر سن الزواج وحماية السمعة العائلية، وتقليد الاقرباء، ومن أهم الاسباب التي أدت الى الزواج المبكر، المؤثرات الدينية وذلك من أجل الحفاظ على الأخلاق والابتعاد عن الفساد وتكوين منزل هادئ، وكذلك عامل الفقر العائلي للمبحوثات كانت من أهم أسباب الزواج المبكر.

٢-ان علاقة المبحوثات مع أزواجهن كانت في مستوى المتوسط، ان المبحوثات يتعرضن للعنف من قبل أزواجهن، ومن أبرز أنواع العنف المستخدم ضدهن : العنف النفسي والجسدي من قبل أزواجهن. وكذلك بالنسبة للقرارات الأسرية، تشير المبحوثات الى انهن لايشاركون في أي قرار العائلي.

٣-ان المبحوثات يشرن الى ان الزواج المبكر كان عائقا أمام اكمالهن للدراسة ولم يتمكنن الأستمرار في الدراسة.

٤-ليست للمبحوثات أية مهنة وان وضعهن المالي في المستوى سيئ.

٥-ان المبحوثات لايشعرن بالأمان والطمأنينة النفسية، حول المشاكل النفسية التي يواجهها، مثل مشكلة عدم ثقة بالنفس والقلق.

٦-ان ٥٠٪ من المبحوثات تعرضن للأجهاض، وتشير المبحوثات الى أن المولود الأول عندهن لم يكتمل نموه بشكل جيد ويشرن الى أنهن أنجبن في الشهر التاسع، وكذلك أصبن بالام العادة في مفاصل الرجل والظهر.

## Abstract

## Factors and impact of Early Marriage / A field study in girls evening schools in sulaimany city

The goal of this study is to focus on(social, religious, economical, educational) factors of early marriage, and (social, educational, economic, psychological and healthy)influence of early marriage, We summarize the problem of study in a question (what are factors and impacts of early marriage?)

The importance of this study is to present the factors and impacts of early marriage, We try to use data and scientific and we try to show all results and suggestion that lead to prevent plan of this phenomena(of it).

This study is a descriptive study and the use social survey with the questionnaire list, notice for gathering information. community study consists of all women which have undergone early marriage and at the current time studying at the girls evening schools which are approximately (70)women.

**Study Results**

1-Women in this study did not decided to get an early marriage but their fathers decided on their behalf and also had some factors: the risk of delayed marriage and preserve the family prestige, religious factor is accounted one of the causes that affected those women to get early marriage, and also poverty is another factor to this case.

2-The relation between women and their husbands is in a middle level, women faces psychological and physical violence and they do not participate in any family decision.

3-Women mentioned that the early marriage as an obstacle to continue their study.

4-they do not have any job and they are in a bad economic situation.

5-They are in a bad psychological situation.

6-%50 of those women had miscarriage, and they point out the first baby did not grow well, they also mention that they have joint and back pain.